تەوەر:

قادر عەبدوڵڵا

قادر عەبدوڵڵا

-ناوی «حوسێن سەجادی قائمولمەقامی فەراهانی»یە.

-قائمولمەقامی فەراهانی، کە دەکاتە باپیرەگەورەی سەروەزیری شای قاقاجارەکان بووە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم، لەهەمان کاتیشدا شاعیرێکی ناسروایش بووە.

-نووسەر لە 12ی دیسێمبەری 1954 لە ئاراک (ئێران) لەدایکبووە.

-باوکی دیندارێکی کەرولاڵ بووە.

-قادر و عەبدولّا دوو هاوڕێی چەپی کورد دەبن، یەکیان بە دەستی ڕژێمی شا و ئەوی دیکەشیان بە دەستی ڕژێمی ئایەتوللاکان شەهیددەکرێ، و ناوی ئەوان دەکاتە ناوی خوازراوی نووسینی خۆی.

- لە 12 ساڵییەوە بە نهێنی ئەدەبیاتی ڕۆژئاوایی دەخوێنێتەوە و هەر لە ڕێی کتێبەوە بۆنی ئازادیدەکا.

-لە کاتی خوێندنی ڕشتەی فیزیا لە زانکۆی تاران، چووتە ڕیزی حیزبێکی چەپی ژێرزەمینی و دژی دکتاتۆر جەنگاوە، سەرەتا دژی شا پاشان دژی ئایەتوللاکان.

-لە 1977 دا خوێندنی زانکۆی تەواوکردووە، ئینجا خۆبەخشانە لەسەر ڕاسپاردەی هاوڕێکانی دوو ساڵ لە باشووری ئێران لە کەشتیگەلی پەهلەوییدا کاریکردووە.

-لە ڕۆژنامە ژێرزەمینییەکان دەینووسی و لە 1980 شدا نامیلکەیەکی گەشتنامەی بە ناوی (کردها چ میگویند) نووسی، کە پوختەی گەشتێکی بوو بە کوردستاندا.

-لە ئەنجامی چالاکی سیاسییدا لە 1985 دا ناچاربووە ئێران بەجێبێڵێ.

-لە 1988 دا دەگاتە هۆڵەندا و داوای مافی پەنابەری سیاسی دەکا.

-لە هۆڵەندا دوای جێگیربونی لە مۆزەخانەی سروشتیدا کاردەکا.

-لە ڕۆمانی (توتییەک بەسەر ئایزلدا دەفڕێ) ئەزموونی ئەو ڕۆژانەی هاتنە هۆڵەندا و کارکردن و شارەکە باس دەکا.

-لە 2003 شدا دەگوازێتەوە شاری «دێلفت» و لەوێ دەگیرسێتەوە.

-لە 2006 شدا لە زانکۆی «لایدن» دەبێتە نووسەری مێوان.

-لە 1996 دا بەناوی میرزاوە دەبێتە ستوونووس لە ڕۆژنامەی بەناوودەنگی هۆڵەندی (Volkskrantفۆلکسکرانت).

-هەر زووش بە هەوڵوکۆششی بێوچانی خۆی، فێرە زمانی هۆڵەندی فێردەبێ، تا وایلێدێت پێشبینووسی، ئیدی لەوکاتەوە بڕیار دەدا زمانی نووسینی لە فارسییەوە بۆ هۆڵەندی بگۆڕێ. لەوکاتەوە تا ئێستا زیاتر لە 20 کتێبی بە ڕۆمان و غەیرە ڕۆمان نووسیوە و چەندین خەڵات و پاداشتیشی لەسەر نووسینەکانی وەرگرتووە.

-ڕۆمانی (خانووەکەی مزگەوتێ) بە یەکێ لە بیست ڕۆمانە هەرەباشەکانی هۆڵەندی دەزاندرێ.

-کتێبی (کوردەکان چی دەڵێن) لەلایەن دەزگای ئایدیاوە بۆ چاپ کراوە.

چۆن ڕۆمانەکانی قادر عەبدوللّاّم وەرگێڕان؟!

شەفیقی حاجی خدر

ساڵی 2002 بوو، ئەوکات چوار ساڵ و نیو بوو لە هۆڵەندا بووم، تا ڕاددەیەکیش زمانەکەیم دەزانی، کێشەی لێتێگەیشتنم نەبوو چ بە خوێندنەوە، چ بە گوێگرتن. هەر بۆ ئەو مەبەستەش شەوان زۆر سەیری تەلەفزیۆنی هۆڵەندییم دەکرد. لەم ساڵەدا، بەڵام مانگ و ڕۆژەکەم بە زەین نییە. دوای سەعات نۆی شەو، کاتێ کەنالەکانی تیڤیم دەگۆڕین، لەپڕ لە یەکێ لە کەناڵەکان، وابزانم «نێدەرلاند دوو» بوو، سەروسیمایەکی نامۆ بەڵام لەهەمان کاتێشدا ئاشنام بینینی، کابرایەک بە خۆی و قەفە سمێڵێکی گەورە و خەندەی سەرلێو میوانی بەرنامەیەک بوو، بۆ چەند چرکەیەک گوێم لێگرت، هۆڵەندییێک بە شێوەزمانێکی بێگانە دەدوا، بەڵام خۆش و بەتام. ئیدی کۆنترۆلەکەم دانا و لەبەری دانیشتم.

قادر عەبدوڵڵا لە بەرنامەکەدا، کە زیاتر لە دوو سەعات درێژەی کێشا، قسەیکرد. زۆر باش لە بیرمە، کاتێ بێژەرەکە ویستی پرسیاری دیکەی لێبکا، کاک قادر زۆر بە حەوسەڵەوە پێیگوت، جارێ بوەستە، با لە ڕوونکردنەوەی ئەو پرسە، لە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە ببمەوە، ئینجا دێمە سەر وەڵامی پرسیارەکەت، دەق لە بیرمە گوتی: « خۆ ئەمشەو شەوی منە!» دیاربوو بەرنامەکە بە بۆنەی دەرچوونی کتێبێکی بوو.

هەر لە میانەی بەرنامەکە، «قادر عەبدوڵڵا» باسی زۆر شتی کرد، سەربردەی ژیانی خۆی و کتێبەکانی گێڕایەوە، بەڵام شتێکی گوت، ڕستەیەکی بەسەر زاردا هات، کارێکی وایکرد، «قادر عەبدوڵڵا»م وەک ناوێک لە لا بمێنێتەوە، هەرچەندە ئەو کاتیش زۆر گرنگیم پێنەدا.

ئەو لە وەڵامی پرسیارێک، یان لە میانەی ڕوونکردنەوەی گرێکوێرەیەکی ژیانیدا، کە باسی کوردی کرد کرد، دەستەواژەیەکی هۆڵەندی بەکارهێنا، هێشتاش لە گوێمدا دەزرینگێتەوە، دەق گوتی: «Onze Koerden» واتە: (کوردەکانی ئێمە).

هەینێ زۆرم هێناو برد، کەوتمە لێکدانەوەی ڕستە دەربڕاوەکە. حەیف ئەوکات هیچ کتێبێکی ئەوم نەخوێندبووەوە، بۆیە زانیارییم لەسەری نەبوو، هەر بە نووسەرێکی فارسی هۆڵەندینووسم دەزانی و بەس. ئیدی لە لێکدانەوە کورتهێنەکەی خۆمدا، ئەو ڕستەیەم بە نەرێنی لێکدایەوە. وای بۆچووم، کە نووسەرانی وڵاتانی نەتەوە سەردەستەکانی چوار بەشەکەی کوردستان، کورد بە شت، بە سەروسامان، بە موڵکایەتی، تێدەگەن، خۆشیان بە ماخۆ دەزانن. واتە ڕوانێنێکی خۆبەزلزانانەی ئەوان لە ئاست نەتەوەیەکی داماوی بندەستی پارچەپارچەکراو!

لەوانەیە هەر ئەو گۆشەنیگا تاریکیەی من بێ، وایلێکردبم لایی لە ڕۆمان و نووسینەکانی دیکەی ماخۆی قسەکە نەکەمەوە. ئەوێ دەمێ لەسەر خوێندنەوەی یاداشتنامەکانی سەرکردە جیهانییەکان، نەخاسمە جووەکان و ئەزموونەکەیان بەردەوام بووم. لەبەر ئەوان نەپەڕژامە سەر ڕۆمانە پڕواتاکانی «قادر عەبدوڵڵا».

سەیر لەوەدایە تا من لە هۆڵەندا بووم هیچ لاییم لەسەر کتێبەکانی ئەو نەکردەوە، چ جای وەرگێڕان.

لە ناوەڕاستی 2015 دا و لە هەولێر بەهای نووسینەکانی «قادر عەبدوڵڵا»م بۆ دەرکەوت و کەوتمە سەر خوێندنەوەی کتێبەکانی. بە شاکارەکەشی، بە (خانووەکەی مزگەوتێ) دەستمپێکرد. زۆری نەبرد کەڵکەڵەی وەرگێڕانم کەوتە سەر، ئەوەبوو بووە دەیەمین وەرگێڕانم. دوای وەرگێڕانی کتێبەکە و لە ڕێی مامۆستا «عەلی کەریمی»دا پەیوەندیم بە نووسەرەوە کرد، لەو کاتەوە تا ئێستا پەیوەندی نامەگۆڕینەوەمان بەردەوامە، لەگەڵ وەرگێڕانی هەر کتێبێک، یان دەرچوونی هەر کتێبێکی نوێی ئەو، نامە بۆ یەکدی دەنووسین. لەوەش بەدەر هاوینی پار، کە بە سەردانێک چوومەوە هۆڵەندا، نووسەرم بینی. لەوێدا باسی زۆر شتمان کرد.

سەرەتای دیدارەکەمان بە قسەیەک دەستپێکرد، نەوەک هەر بە ناوی خۆم، بەڵکو بە ناوی خوێنەرانی کتێبەکانیشی (ئەوانەی کراونەتە کوردی) سوپاسنامەم پێشکەش کرد. ئەویش ئەم قسەیەی زۆر پێخۆش بوو. دڵی خۆی بۆ کردینەوە. لە دووتوێی باسوخواسدا هاتە سەر



ژیانی تایبەتی خۆی و پێیگوتین، ژنەکەی کورد و هەردوو کچەکانیشی کوردی دەزانن.

کە باس هاتە سەر وەرگێڕانی کتێبەکانی دیکەی، من پێمگوت بە نیازم ڕۆمانی (پاشاکە) بکەمە کوردی، کە ڕۆمانێکی نایابی مێژوویە لەسەر «ناسرەدین شای قاجار» نووسیویەتی. ئەویش لەپاڵ ئەوەدا پێشنیازی، دوو کتێبی دیکەی بۆ کردم، یەکێکیان ڕۆمانی (لە مەککە) بوو، کە چیرۆکەکەیم لە پێشەکییەکەدا ڕوونکردۆتەوە، هی دووەمیش، کتێبی «کلیلە و دیمنە»ی بەناوبانگ. منیش پێمگوتەوە، کە ئەم کتێبە چەند جارێک وەرگێڕدراوە. بەڵام ئەو ڕای تایبەتی لەسەر کتێبەکە هەبوو، بە قەولی ئەو، ئەوەی تا ئێستا وەرگێڕدراوە لە زمانی عەرەبی و لە کتێبەکەی «ابن المقفع»ەوە بووە، ئیبن و موقەفەعیش چیرۆکەکانی زۆر ئاڵۆز کردوون، هەرچی هی ئەوە کە کردوویەتیە هۆنەندی، لە سەرچاوەی ماکی خۆی، لە فارسییەوە وەریگێڕاوە. شایانی باسیشە ناونیشانەکەشی جیاوازە، ناونیشانی یەکێک لە چیرۆکەکانی کردۆتە ناونیشانی سەربەرگەکە کە «مانگاکە» یە.

لێرەدا پێویست ناکا دووبارە ژیاننامە، یان چەند سەرهێڵێکی ژیاننامەی نووسەر بگێڕێمەوە، چونکە لە کتێبە وەرگێڕاوەکاندا، تائیستا کەم تا کورتێک باسی کراوە.

بەڵام ئەوەی پێویستە بگوترێ، تا ئێستا ئەم کتێبانەی وەرگێڕدراون:

1-خانووەکەی مزگەوتێ، وەرگێڕانی شەفیق

2-خەتی بزماری، وەرگێڕانی شەفیق

3-سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان، سەڵاحەدینی بایەزیدی وەریگێڕاوە.

4-پێغەمبەر، دلۆقان وەریگێڕاوە.

5-لە مەککە، وەرگێڕانی شەفیق.

تا ئێستا نووسەر 22 کتێبی بە زمانی هۆڵەندی و کتێبێکیشی بە زمانی فارسی نووسیوە.

لە ساڵی 1993 دا کۆمەڵە چیرۆکێک بە ناوی (هەڵۆکان) بڵاوەکاتەوە کە 9 چیرۆکی لە خۆگرتووە، شاچیرۆکەکەشی، کە هەمان ناوی بەرگی کتێبەکەی هەڵگرتوە هاوپێچی ئەو کورتە نووسینەیە.

تازترین کتێبیشی ڕۆمانی (لە مەککە)یە. لە ئاخروئۆخی پار بڵاوکراوەتەوە. نووسەر هەر دوای بڵاوکردنەوە، دانەیەکی بە پی دی ئێف بۆ ناردم و ئێستاش بە وەرگێڕدراوی لەبەردەست خوێنەراندایە. بەدەر لە ڕۆمانووسین، قادر عەبدوڵڵا ستوونووسێکی کارامەشە، لە ڕۆژنامەی بەناوبانگی de Volkskrant زنجیرەیەک وتاری وەک ستوون لەژێر ناوی «میرزا»دا نووسیوە و دواتر کراونەتە کتێب.

قادر عەبدوڵڵا لە ساڵی 2005 دا ڕۆمانی «خانووەکەی مزگەوتێ» بڵاوەکاتەوە، ئیدی دەنگ دەداتەوە و بە زیاتر لە 20 زمانی وەردەگێڕدرێ، پێدەچی کوردی دواترین زمانیان بێ! و بە شاکار لە قەڵەم دەدرێ.

لە ساڵی 2008 یشدا دوو کتێب لە یەک بۆکسدا بڵاوەکاتەوە، کە یەکەمیان قورئانە، واتە قورئانی وەرگێڕاوە، بەڵام ئەوەی ئەم وەرگێڕانە لە وەرگێڕانەکانی دیکەی قورئان جیادەکاتەوە، ئەو نەهاتووە (مصحف عثمان) دەق وەک خۆی وەربگێڕێ، بەڵکو ئایەت و سورەتەکانی بە ڕیزبەندی مێژوویەکەیەوە هێناوە و لە دووتوێی کتێبێکی 382 لاپەڕیدا چاپکردووە. هەرچی کتێبی دووهەمیشە، ئەوا ڕۆمانێکە، بەڵام ناوی لێناوە گێڕانەوەیەک، کە گێڕانەوەی ژیاننامەی پێغەمبەری موسڵمانانە لەسەر زاری «زەید»ی کوڕە بە تەبەنییەکەی.

ناوی کتێبەکانی بە ڕیزبەندی ساڵی دەرچوونیانەوە ئەمانەی خوارەوەن:

1- کوردەکان چیدەڵێن (کردها چ میگویند) 1980 تەنیا ئەم کتێبەیان بە زمانی فارسییە، گەشتێکی ڕۆژنامەوانی نووسەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو بە هەندێ شار و گوندی کوردستانی ڕۆژهەڵاتی کردووە.

2-هەڵۆکان، De adelaars ، کۆمەڵە چیرۆک، 1993.

3-کچەکان و پارتیزانەکان،De meisjes en de partizanen کۆمەڵە چیرۆک، 1995.

4-سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان، De reis van de lege flessen، ڕۆمان ، 1997.

5-میرزا (ستوونەکان) 1998 ،Mirza.

6-خەتی بزماری، Spijkerschrift، ڕۆمان، 2000.

7-هەگبەکە،De koffer چیرۆک، 2001.

8-باخێک لەنێو دەریا، Een tuin in zee، ستوون، 2001.

9-کلیلە و دیمنە یان مانگاکە 2002 ،De Koe.

10-پۆرترێتەکانی خەونێکی کۆن، Portretten en een oude droom، ڕۆمان، 2003.

11-کاروان، Karavaan، ستوون، 2003.

12- خانووەکەی مزگەوتێ، Het huis van de moskee، ڕۆمان، 2005.1-

13-تەوقەیەکی زێڕین، Een gouden handdruk voor Du Perron، چیرۆک، 2008.

14- قورئان ، وەرگێڕانی قورئان بۆ هۆڵەندی، 2008.

15-پێغەمبەر،De boodschapper، ڕۆمان، 2008

16-ئەوم وڵاتە جوانە، Dit mooie land، ستوون، 2009.

17-پاشاکە، De Koning، ڕۆمان، 2011.

18-قەلەکە، De Kraai، نۆڤلێت، 2011.

19-زیلسا و لێپلس، Zeesla en de lepels van Alice، کۆمەڵە چیرۆک، 2002.

20-تووتی بەسەر ئایسلدا دەفڕێ، Papegaai vloog over de Ijssel، ڕۆمان، 2004.

21-سەلام ئەوروپا، Salam Europa، ڕۆمان، 2016.

22-لە مەککە (پەردەکە) Het Gordijn، ڕۆمان، 2017.

تا ئێستا ئەم خەڵات و ڕێزلێنانەشی وەرگرتوون:

1-خاودن ئێزلئوڕ Gouden Ezelsoor لە ساڵی 1994 بۆ پڕفرۆشترین کۆمەڵە چیرۆکە نۆبەرەکەی بە ناوی (هەڵۆکان).

2-چارلۆتە کۆهلەر ستیپێندیوم Charlotte Kohler Stipedium، لە ساڵی 1995 بۆ کۆمەڵە چیرۆکی کێژەکان و پارتیزانەکان.

3-بۆ ماوەیەکی دوورودرێژیش ڕۆمانی سەفەری بوتڵە بەتاڵەکان لە لیستی بەربژاری خەڵاتی لیبریس Libris بوو بۆ ئەدەبیات.

4-خەڵاتی ASN-Adoy میدیایی بۆ نووسینەکانی میرزا.

5-خەڵاتێکی جیهانی لەسەر ئاستی هۆڵەندا بۆ هاوکاری نێودەوڵی و ئاشتی و ئاسایش.

6-لە ڕۆژی شاژنی هۆڵەندی لە ساڵی 200 وەک شاسواری دانرا و خەڵاتی شێری هۆڵەندی بۆ ئەدەبیات پێبەخشرا.

7-خەڵاتی E du Perron لە ساڵی 2001 بۆ ڕۆمانی خەتی بزماری.

8-لە ساڵی 2007 و دوای دەرچوونی ڕۆمانی خانووەکەی مزگەوتێ، ڕۆمانەکە بە یەکێ لە باشترین لە ڕۆمانە هۆڵەندییەکان لە دوای (دۆزینەوەی ئاسمان)ی «هاری موولش» ڕۆمانی هۆڵەندی دانرا.

9-ل-ە ساڵی 2008 خەلاتی فەرەنسی l'Ordre des arts et des lettres دوای وەرگێڕانی خانووەکەی مزگەوتێ بە فەرەنسی پێدرا.

10 – لە 2009 ش دکتۆرای شانازی لە زانکۆی خرۆنینگنی هۆڵەندی پێدرا.

بە گوێرەی خوێندنەوەی من بۆ ڕۆمان و کتێبەکانی دیکەی نووسەر، دەکرێ سێ خاڵ، بە زەقی خوێان نمایش بکەن:

یەکەم: زمان. نووسەر بە زمانێکی خش، ڕەوان، ڕستەی کورت کورت، بەدواییەکدا هاتوو دەنووسێ، کە زۆر بە ئاسانی سەنجی هۆڵەندیخوێنەکان بۆ خۆێ ڕادەکێشی. هەر بە ڕاستی ئەوەی کتێبێکی قادر عەبدوڵا بخوێنێتەوە و لەگەڵ دانراوی نووسەرێکی هۆڵەندی زگماک بەراورد بکا، ئەوا دەبینێ کە هی یەکەم باشتر خۆی بە



قادر عەبدوڵلا و شەفیقی حاجی خدر



دەستەوەدا. هەرچەندە زمانی هۆڵەندی لە زمانە زەحمەتەکانی دنیایە و خۆشیان هەر بۆ خۆشی دەڵێن، هۆڵەندی زمانی چینیی ئەوروپاییە، کەچی قادر عەبدوللا وەستایانە، کتێبەکانی خۆی پێدەنووسێ. بەند و بەشەکانی نێو ڕۆمانەکانی بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانی کلاسیکی یان هاوچەرخ زۆر کورتن. خوێنەر هەراسان ناکەن، سەرەداوەکانیشی لە دەست دەرناچێ. هەرچەندە ڕستەکان کورت و سادەشن، بەڵام دەربڕی واتایەکی قووڵ و سەنگینن.

دووەم: مێژوو. ئەوەی سەنجڕاکێشە، نووسەر توانیویەتی زۆر بە جوانی، لێزانانە، سەرنجڕاکێشانە ڕووداوەکانی مێژوو، بەتایبەتی مێژووی دوور و هاوچەرخی ئێران لە دووتوێ ڕۆمان و ستوونەکانی بەینێتە زمان، بەڵام مێژوویێک کە دوور بێ لە وشکی و لە گێرانەوەی ڕووت، بەڵکو مێژوویێک، تەزوو بە جەستەی خوێنەردا بێنێ و لەکاتی خوێندنەوەدا مووی سەری لێبکاتە نەشتەر. جاری وا هەیە لە گەڵیدا هەستوسۆز دەیبزوێنێ و دەگرێ (نموونەش کۆتاییەکەی خانووەکەی مزگەوتێ، و چیرۆکی هەڵۆکە). مێژووی خەباتی گەلانی ئێران لە دژی هەردوو ڕژێمی محمەد ڕەزاشا و ئایەتوللاکان، ئەو خوانەیە کە نووسەر چیرۆک ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکانی لەسەر ڕاخستووە.

ئەوەی شایانی باسیش بێ، زۆر لە ڕووداو و بەسەرهاتەکان، ناوی کەسەکان و شوێنەکانیش ڕاستین، بەڵام وەک خۆی لە پێشەکی کتێبەکانی دا دەڵێ؛ هەرچەندە ڕووداوەکان و ناوەکان ڕاستیین، لێ دەبێ بە ڕێسای ئەدەبیات بخوێندرێتەوە، بۆیە ئەگەر هاتوو، ئاوەڵناوی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لەسەر کتێبەکانی هەڵبگیرێ، ئەوا مێژوو بە زمانێکی سەرسامانە دێتەگۆ.

سێیەم: گرتەی سینەمایی: وەک زۆر جار لەگەڵ هاوڕێی ڕۆماننووس و ڕەخنەگری کورد کاک سابیریش ڕەشیدیش باسمانکردووە، کۆپلە و دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکان، وەنەبێ هەر گێڕانەوە بن، هەر باسکردن، یان هەر وێناکردن بن بە وشە، بەڵکو کێشانی تابلۆیە، لەوەش زیاتر نمایشکردنی گرتە فیلمی سینەماییە بە وشە، هەر بۆیەشە خوێنەری وا لێدەکا، لە تەواوکردنی بەند و بەشەکانی ڕۆمانەکانی پەلە بکا، ئاخر تاسەمەندە تا بگاتە بەندەکەی دواتر، یان گرتە وێنەییەکەی بزوێنەرەکەی دیکە.

دیدی ڕەخنەیی و ڕۆمانی مێژوویی

ڕامانێک سەبارەت بە ڕۆمانی «پێغەمبەر»

ئارام سدیق

(1)

کارکردنی ڕۆماننوسان لەنێو مێژوودا شتێکی نوێ نییە، بەڵام ئەوەی ئەم کارکردنە نوێ دەکاتەوە چۆنێتی ڕوانینی و بینین و پانتایی کارکردنی ڕۆماننووسانە لە نێو مێژوودا. مێژوو هەمیشە کەرەستەیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بووە بۆ ڕۆماننوسان و لەوێوە توانیویانە هەم ئێستا بخوێننەوە و هەم ڕابردووش پیشان بدەنەوە.

تیۆدۆر کالیفاتێدیس لە ڕۆمانی «نامە بۆ کچەکەم»دا دەیەوێت مێژووی ژیانی «ئۆڤیدۆس»ی شاعیر بنووسێتەوە و هاوکاتیش کار لەنێو ئەو مێژووەدا بکات کە ئەم شاعیرەی تێدا ژیاوە، مێژوویەک، کە دەسەڵاتی ڕۆمەکان دژی شاعیران و کەسانێکی وەکو ئۆڤیدۆس بوون و شاربەدەریان کردووە. دیدی کالیفاتێدیس دیدێکە بۆ ڕەخنەکردنی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆم، کە شاعیران دەخاتە بەر نەفرەت و زیندانیکردن و شاربەدەرکردن. هاوکات «ئەلیف شەفەق»یش لە ڕۆمانی «کوڕە شەیدا و مامۆستاکە»دا دەیەوێت مێژووی تاریکی دەسەڵاتی عوسمانی بنووسێتەوە، مێژوویەک کە تژییە لە جەنگ و خاڵییە لە ئاشتی. شەفەق لەڕێی ئەو فیلە دەگمەنەی کە پاشای هیند بە دیاری دەینێرێت بۆ دەوڵەتی عوسمانی و لەبری ئەوەی وەکو دیارییەکی دەگمەن لێی بڕوانرێت دەیبەنە مەیدانەکانی جەنگ و دەیکەنە وەسیلەیەک بۆفراوانکردنی قەڵەمەڕەوی دەسەڵاتەکەیان. ئەوەی لای ئەلیفیش گرنگە ئەو چاوە ڕەخنەییەیەتی بۆ خوێندنەوەی مێژووی دەوڵەتی عوسمانی و ڕەخنەکردنی دیوە شەڕەنگێزەکەی ئەو دەوڵەتە. جۆن بۆینیش لە رۆمانی «کوڕێژگە بیجامە خەتخەتەکە»دا کاتێک لە ڕێگەی هاوڕێیەتی دوو منداڵەوە دەیەوێت لایەنێک لە هۆلۆکۆس بنووسێتەوە، دێت و ڕەخنەی ئەو کوشتار و ناهەقیانە دەکات کە بەسەر جولەکەکاندا هێنرا و ئەو کەسەی فەرمانی کوشتن بۆ سەرجەم جوولەکەکانی کەمپەکە دەردەکات بێئاگایە لەوەی کوشتنی هەر مرۆڤێک وەکو کوشتنی منداڵەکەی خۆت وەهایە، بۆیە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئەو کەسەی فەرمانی کوشتن سەرجەم جوولەکەکان دەردەکات فەرمانەکە بەسەر کوڕەکەی خۆیشیدا دەسەپیت و ئەویش دەبێتە قوربانی، چونکە چەند کاتژمێرێک پێش گازڕێژکردنەکە منداڵەکەی خۆیشی بۆ یاریکردن لەگەڵ هاوڕێ جووەکەی (بەدزییەوە) چۆتە نێو کەمپەکە و ئەویش بۆتە یەکێکە لە دانیشتوانی نێو کەمپەکە، کە دواجار هەموان بە مەرگ سزا دەدات منداڵەکەی خۆیشی بەر ئەو سزایە دەکەوێت.

ئەوەی لەم نموونانەی سەرەوە بۆمان دەردەکەوێت، بوونی ئەو چاوە ڕەخنەییەیە بۆ بینینی مێژوو و کارکردنی ڕۆمانووسانە لەنێو مێژوودا، بەڵام بە چاوێکی ڕەخنەییەوە، کە بەلای منەوە ئەرکی ئەدەب ئەوەیە کە ئەو چاوە ڕەخنەییە ون نەکات. گرنگی ڕۆمانی دۆنکیشۆت لەوەدایە کە چاوێکی ڕەخنەیی و دیدێکی دژە پاڵەوانی پیشاندا، بە جۆرێک لەسەردەمی پاڵەوانبازی و بە پاڵەوانبووندا، سێرڤانتس هات و پاڵەوانێکی شکستخواردووی خولقاند و بووە یەکێکە لە پاڵەوانە نەمرەکانی نێو جیهانی گێڕانەوە. لێرەوە تێدەگەین ڕۆمانی مێژوویی ئەوکاتە دەبێتە ڕۆمانێکی نەمر و زیندوو کە چاوێکی ڕەخنەیی بۆ ئەو دۆخە باوە هەبێت، کە دەگوزەرێت، یان لە هەوڵی ئەوەدا بێت بە دیدگایەکی نوێوە لە مێژوو بڕوانێت.

(2)

قادر عەبدوڵڵا لە ڕیزی ئەو نووسەرانەیە کە خاوەنی چاو و دیدێکی ڕەخنەییە بۆ مێژوو و کارکردنی لەنێو ئەو مێژووە نزیکەی کە خۆی تێدا ژیاوە و هاوکات ئەو مێژووە دوورەشی دەخوازێت بە پەنهانەکانی بگات. ئەم رۆمانووسە لە ڕۆمانی «خانووەکەی مزگەوتێ»دا کە مێژوویەکی تاڕادەیەک نزیک دەگێڕێتەوە، بە دیدێکی ڕەخنەییەوە لە ڕەفتاری پیاوانی ئایینی دەڕوانێت، کە زۆرجار ئەوان لەبری ئەوەی نموونەی مرۆڤبوون بن، دەبنە دڕەندەیەک، چ بۆ مرۆڤ کوشتن و چ برسی بۆ جەستەی ڕەگەزی بەرامبەر.

خانووەکەی مزگەوێ، لەو ڕۆمانانەیە کە تەنها هەڵوەستە لەسەر یەک

چیرۆک و یەک ڕووداوی دیاریکراوی نێو مێژووی ئێران ناکات، بەڵکو دەیەوێت لەڕێی چیرۆکی خێزانێک، کە لە خانووی مزگەوتێکدان، مێژووی سااڵنێکی پڕ ڕووداوی سیستمێکی سیاسی و دینی و کۆمەاڵیەتی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ خوێنەر بخاتەڕوو. ڕۆمانووس لەڕێی ئەو ڕۆمانەوە زۆرجار ویستوویەتی دیوێکی نادیار و شاراوەی مێژووی سیاسەت لە ڕۆژهەاڵتدا پیشان بدات. واتە ئەگەرچی ئەو ویستوویەتی لەسەر سیاسەتی شای ئێران و گرتنە دەستی دەسەاڵت لەاڵیەن ئایەتوواڵکانەوە کار بکات. بەاڵم ئەگەر سەیری وێنە گەورەکە بکەین دەبینین، کە نووسەر دەیەوێت سیاسەتکردن لە ڕۆژهەاڵتدا و وااڵتانی ئیسالامیدا پیشان بدات.

لە «خەتی بزماری» هەمان نووسەردا دیسان بە وردی کار لەسەر مێژووی ئێران و دەسەاڵتی ئایین لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا کراوە، کە ئەم دوو شتەش خاڵی هاوبەشی نێوان ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانی خانووەکەی مزگەوتێن. لەم ڕۆمانەدا نووسەر لەگەڵ ئەوەی کار لەسەر سیمبولێکی ئایینی دەکات و دەیەوێت دەسەاڵت و هەیمەنەی ئایین لەنێو خەڵکدا پیشان بدات. هاوکات کاری لەسەر شۆڕش و بەرەنگاری تاک کردووە بەرامبەر بە سیستمە دیکتاتۆرییەکان و گرنگی و خەبات و تێکۆشانی تاک بەرامبەر ئەو سیستمانەدا. لە ڕۆمانی خەتی بزماریدا پیرۆزییەکان لە پیرۆزی دادەماڵرێن و نووسەر لە چەند جێگەیەکدا و لەڕێگەیەی سیمبوڵی و لە ڕێی گۆڕی ئیمامێکەوە تامەزرۆیی خەڵکی بۆ بەسەرکردنەوەی ئەو پیرۆزییە پیشانداوە لەو کاتانەدا، کە بە ناڕەحەت دەستیان پێی گەیشتووە، کاتێک «شا» دێت و ڕێگەی شەمەندەفەر بۆ ئەو جێگەیە دەبات و ئاسانکارییان بۆ دەکات، ئەو پیرۆزییە لای خەڵک دەشکێت و لە پیرۆزی دادەماڵرێت، چونکە دەتوانن بە زووی دەستیان بەو جێگەیە بگات، کە پێشووتر بە مەشەقەتێکی زۆر پێی دەگەیشتن. شکاندنی پیرۆزی ئایینی لە ڕۆمانی «خانووەکەی مزگەوتێ»شدا لە چەند جێگەیەکدا کاری لەسەر کراوە، کە بەاڵی منەوە ئەمە خاڵی دەرەوشاوە ئەم ڕۆمانانەی قادر عەبدوڵاڵیە. لە کۆی ئەم دوو ڕۆمانەدا

و لە کارکردنی ئەم نووسەرەوە ئەوە ڕوونەدەبێتەوە کە نابێت ئایین و کەسایەتی ئایینی تەقدیس بکرێن، بەڵکو ئایین بۆ خزمەتی مرۆڤ هاتووە، نەک مرۆڤ ببێتە خزمەتکاری ئایین. ئەم نووسەرە دەیەوێت ئەوە ڕەتبکاتەوە، کە مرۆڤ ببێتە خزمەتکاری ئایین و بتە ئایینییەکان بپەرستێت.

بێگومان ڕیشەی ئەم ڕەتکردنەوەیە لای ئەم نووسەرەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە زۆرجار و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتدا ئایین لەبری ئەوەی ببێتە بەرنامەیەک بۆ ژیانێکی نوێ و هەوڵێک بۆ پێکەوە ژیان بۆتە هۆکارێک بۆ سڕینەوەی ئەوی دیکە و ڕەتکردنەوەی جیاوازییەکان. کەی مرۆڤ بووە خزمەتکاری ئایین ئەوکاتە ئەگەری خوێنڕشتن زیاتر و زیاتر دەبێت.

لە ڕۆمانی «پێغەمبەر»دا قادر عەبدوڵڵا دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەکی دوورتر و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ زیاتر هەزار و چوارسەد ساڵ لەوبەر و ڕۆڵی ئایین و هەژموونی ئایینی ئیسلام و پێغەمبەرەکەی لەوکاتەدا و چۆنێتی کۆکردنەوەی قورئان و کارکردن لەو مێژووەدا، کە مێژوویەکە تاڕادەیەک هەم ناڕوون و هەم شێوێنراوە. بەڵام ئەمجارە بە دیدێکی ڕەخنەیی و دەیەوێت لەو مێژووە بڕوانێت، کە تا هەنووکەش جێگەی زۆرترین مشتومڕە.

(3)

کارکردنی قادر عەبدوڵڵا لە ڕۆمانی «پێغەمبەر»دا ئەگەرچی وەکو خۆی دەڵێت لەسەر ڕاستی مێژوویی ڕۆنراوە، بەڵام ئێمە لە چاوی ڕۆمانووسێکەوە دەیخوێنینەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕۆمانی مێژوویی ئەوەیە، ڕۆمانووس دەتوانێت چاوێکی هەم ڕەخنەیی هەبێت و هەم دیدێکی ڕەتکەرەوە، کە لەم ڕۆمانەدا بە وردی هەست بە هەردووکی دەکرێت. ڕۆمانەکە بە گێڕانەوەی ژیاننامەنووس «زەید بن سەلس» دەست بە گێڕانەوە دەکات، کە ژیاننامەنووسی پێغەمبەرە. هەڵبژاردنی فیگۆرێکی ژیاننامەنووس، گرنگی خۆی هەیە بۆ پێیەی ڕۆماننووس دەیەوێت لەڕێی ئەم فیگۆرەوە تەواوی پەنهان و وردەکارییەکانی ژیانی «پێغەمبەر» بنووسێتەوە و ڕەنگە هیچ فیگۆرێکی دیکە ئەو مافەی نەبێت پرسیار لە هەموو وردەکاری و لەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی پێغەمبەر بکات، بەڵام بۆ فیگۆرێکی ژیاننامەنووس ئەمە ڕێگەپێدراوە.

لە لایەکی دیکەوە «زەید بن سەلس» بەتەنیا ژیاننامەنووس نییە، بەڵکو کورێکی هەڵگیراوەی پێغەمبەرە. پێغەمبەر بەهۆی ئەوەی هیچ کوڕی نەبووە زەیدی هەڵگرتۆتەوە و هەر بۆیە زۆرجار بەناوی «زەید بن محەمەد» ناوی دەبرێت. لێرەدا دیسان ڕۆمانووس شەرعییەت دەدات بەوەی ئەم فیگۆرە پەنهانی زیاتر ئاشکرا بکات و دەستی بە زۆر جێگەی تاریک بکات و ڕووناکییان بۆ بەرێت.

ئەو گۆشە تاریکانەی کە لە ڕۆمانەکەدا تیشکیان خراوەتەسەر لە دەستپێکدا هەر لە کارە بازرگانییەکانی پێغەمبەرەوە ڕۆمانووس باسی کردوون، دواتریش کە دەست بە کۆکردنەوەی قورئان دەکرێت، ژیانی «محەمەد» زیاتر ڕوون دەبێتەوە و زیاد لە جێگەیەکی ڕۆمانەکەدا دەنووسێت:

«کاتێ دەستم بە کۆکردنەوەی قورئان کرد، لەوە تێگەیشتم مرۆ ناتوانێ بەبێ لێتێگەیشتن لە محەمەد لە قورئان حاڵی ببێ. تەنانەن لەکاتی سەرقاڵیم بە کتێبە نوێیەکە محەمەدێکی نوێم بۆ دەرکەوت»(1)

کاری ڕۆمانووس ئەوە نییە تەنها ئەو جێگایانە بنووسێتەوە کە مێژوو باسی کردوون، بەڵکو کاری ڕۆمانووس دەبێت لەو جێگایانەدا بێت، کە مێژوو دەستی پێیان ناگات. دەبێت ڕووناکی بخاتە سەر ئەو ڕووداو و پرسانەی مێژوو فەرامۆشی کردوون و مێژوونووسان چاوی بینینان نییە، یان خۆیانی لێ لادەدەن. ئەوەی لەم ڕۆمانە و لە ڕۆمانی «خانووەکەی مزگەوتێ» و «خەتی بزماری»یدا بۆ من جێگەی سەرنجە ئەو بینینە تیژ و کارکردنە وردەی قادر عەبدوڵڵایە لەنێو مێژوودا، کە دەیەوێت ئەو پنتانە کەشف بکات، کە نەک مێژوونووسان ناتوانن

ببینین، بەڵکو چاوی هەموو ڕۆمانووسێکیش تواناى بینینى نییە. پێویستە لێرەدا ڕوونکردنەوەی زیاتر بدەم لەسەر کارکردنى مێژوونووس و ڕۆمانووس. سەرەتا دەبێت بڵێم دیدی تەقلیدی ڕۆماننوس بۆ کارکردن لەنێو مێژوودا ئەوەیە، کە کەسایەتییەکان وەکو خۆیان بەرهەم دەهێنرێنەوە و زۆرجاریش بە چاوێکى ستایشکارانەوە لێیان دەڕوانرێت، خۆ ئەگەر هەڵە و کەموکوڕییەکیشیان هەبێت ئەوا چاوپۆشى لێ دەکرێت و باس ناکرێت. بەڵام دیدى نوێگەرانەی ڕۆماننووس بۆ کارکردن لەنێو مێژوودا دووبارە نووسینەوە و بەرهەمهێنانەوەی هەمان مێژووى نووسراو نییە، بەڵکو خولقاندنى مێژوویەکى نوێیە. هەر لەم خاڵەشدایە، کە کارى مێژوونووس و ڕۆمانووس لە یەکترى جیا دەبنەوە. ڕۆمانووسى تەقلیدى هەمان کارى مێژوونووس ئەنجام دەدات، بەڵام لە بەرگى ڕۆماندا. بەڵام ڕۆمانووسى نوێگەر کاتێک کار لەنێو مێژوودا دەکات ئەوکارانە ئەنجام دەدات مێژوونووس ناتوانێ دەستى پێیان بکات.

(4)

یەکێک لەو شتانەی بە وردى ئەم ڕۆمانووس لێى دواوە پرسى تۆندوتیژییە لە سەردەمى پێغەمبەردا، زۆرجار گوێمان لەوە دەبێت، کە پێغەمبەر (محەمەد) نەرمونیانترین مرۆڤى سەردەم بووە، ئەوەی تۆندوتیژى بەرهەمهێناوە ئەو نەبووە، بەڵکو شوێنکەوتوانى پاش ئەوبوون و ئاینى ئیسلامیان بۆ بەرژەوەندى خۆیان بەکارهێناوە و زۆرجاریش لە ڕێگە ڕاستەکەی لایانداوە. ئەوەی ئەم ڕۆمانووسە بە وردى تیشکى خستۆتە سەر ئەو تۆندوتیژیانە بوون، کە لە سەردەمى «محەمەد»ى پێغەمبەردا ڕوویانداوە و زۆرجار ئەم پێغەمبەرە نەرمونیانە بە پێچەوانەی ئەو دیدەوە، وەک لە ڕۆمانەکەدا باس دەکرێت تۆندوتیژترین پێغەمبەر بووە:

«هیچ پێغەمبەرێک ئەوەندەی محەمەد تۆندوتیژى بەکار نەهێناوە. دواى فیرعەونەکان هیچ بیچمێک لە مێژوودا ئەوەندەی محەمەد ئازارى جووەکانى نەداوە».(2)

بێگومان ئەگەر زیادەڕەوییەکیش هەبێت لەم دەربڕینەدا، ڕەنگە بۆ ئەو تۆندوتیژییە بەردەوامە بگەڕێتەوە، کە لەپاش کۆچى دوایى محەمەدیشەوە بەردەوامى هەبووە. پرسیار ئەوەیە ئەگەر محەمەد تۆندوتیژ نەبووە، بۆ نەیتوانى فتوایەک دەربکات، کە لە پاش خۆى کەس تۆندوتیژى نەکات و بە زەبرى شمشێر کەس بۆ ئیسلامێتى ڕاپێچ نەکەن. کەواتە ئەم کارکردنەی ڕۆماننووس کارکردنێکى وەکو ڕوانین و دیدێک بۆ مێژوویەکى ون، کە ئێستا بێت، یان سالانێکى دیکە دەبێت تیشک بخرێتە سەرى ڕوون بکرێتەوە. ئەوەی بایەخى ئەم ڕۆمانە و کارەکانى دیکەی ئەم نووسەرە زیاتر و زیاتر دەکات

ئـەو دیـدە ڕەخنەیـی و چـاوە تیژەیەتـی کـە مێژوونووسـان و توانـای کەشـفکردن و پـەی پێبردنیـان نییـە.

(5)

شـاعیران لـەم ڕۆمانـەدا ڕۆڵێکـی بەرهەڵسـتکارانەیان هەیـە و بـە شـیعرە نوێکانیـان بەرهەڵسـتی ئـەو هەڵـە و کەموکوڕییانـە دەکـەن کـە ڕۆژانـە بـەری دەکـەون. ئیـدی ئـەو کەسـانە ئەگـەر پێغەمبـەر و عائیشـەی خێزانیشـی بێـت. هـەر لەسـەر ئـەم ڕەخنەگرتنـە دوو شـاعیر لـە لـە گۆڕەپانـی نێـو بـازاڕدا چامچـی بـاران دەکرێـن. ئـەو ڕۆحیەتـی ڕەخنەیـی و بەرهەڵسـتکارییەی لـەم ڕۆمانـەدا هەیـە لـە ڕۆحیەتـی شـاعیرانەوە نزیکـە، کـە تایبەتمەنـدی هەمـوو نووسـەر و ڕۆمانووسـێکی ڕاستەقینەشـە. ئـەم ڕۆحیەتـی بەرهەڵسـتکارییە ڕەنگـدەرەوەی کەسـایەتی نووسـەرە کـە خـودی نووسـەر بـە کردەیـی جارێـک بەرهەڵسـتی دەسـەڵاتی شـای ئێـران و جارێکـی دیکـەش بەرهەڵسـتی دەسـەڵاتی ئایەتوڵڵاکانـی کـردووە و جارێکـی دیکـەش دژی شـەڕی هەشـت سـاڵەی ئێـران عێـراق خەباتـی کـردووە و ئەمەشـی لـە ڕۆمانـی «لـە مەککە»دا بـە ڕوونـی بـاس کـردووە، کـە ڕۆمانێکـە نزیکـە لـە ئۆتۆبیۆگرافیـاوە، یـان وەکـو ئۆتۆبیرگرافیـا دێتـە بەرچـاوی خوێنـەر.

یەکێکـی دیکـە لـەو شـتانەی کـە ڕۆمانەکـە بـە وردی هەڵوەسـتەی لەسـەر کـردووە کۆکردنـەوەی قورئانـە، ئـەم کێشـەیە تـا هەنووکـەش درێـژ دەبێتـەوە و ڕاوبۆچوونـی جیـا جیـای لەسـەرە، ئـەوەی ئـەم ڕۆمانووسـە تیشـکی خستۆتەسـەر ئـەو ناڕێکوپێکییەیـە لـە کۆکردنـەوەی قورئانـدا، کـە هـەر ئەمـەش سـەرچاوەی خـودی ئـەو گومانانەیـە.

زیـد بـەم چەشـنە بـاس لـە کۆکردنـەوەی قورئـان دەکات: «یەکەمجـار چوومـە لای ژنەکانـی پێغەمبـەر. ئـەوان ئـەو بڕگـە دەقانەیـان دامەدەسـت کـە لەسـەر کاغـەز نووسـیبوویان، یـان لەسـەر کراسـی شـەوانەیان نەخشـاندبوو، و لەنێـو زێـڕ و تەڵاکانیـان شـاردبوونەوە».(3) زیـد ئـەوەش دەخاتـەڕوو کـە دوای یەکسـاڵ گـەڕان بـەدوای قورئانـدا ئەوسـا توانیویەتی هەمـووی کـۆ بکاتـەوە و بـەڵاک کاتێـک دەیبـات بـۆ لای عومـەر، نەیارانـی قورئانەکـە دەنگـی لـێ هەڵدەبـڕن و ئـەو قورئانـەی ئـەو ڕەت دەکەنـەوە و قورئانێکـی دیکـەی ناتـەواو دەخەنـە بەردەسـتی عومـەر. بێگومـان ئـەم ڕۆمانووسـە ئـەم کێشـەیە بـە درێژایـی ڕۆمانەکـە درێـژ دەکاتـەوە و نـاوە نـاوە باسـی لـێ دەکات، بـەڵام بڕیـاری یەکلایـی کـەرەوە نـادات و کێشـەکە وەکـو چـۆن خـۆی بـە هەڵـواسراوی ماوەتـەوە، بەهەمـان شـێوەش لـە ڕۆمانەکـەدا بـە هەڵـواسراوی و گومانـاوی هێڵراوەتـەوە.

خاڵـی گرنـگ لـەم ڕۆمانـەدا بـەدەر لـەوەی کـە مێژوویەکـی پەنهـان و تاڕادەیـەک شـاراوە دەخاتـەڕوو، هـاوکات لـە چـوای ڕۆماننووسـێکەوە بـەو مێـژووە ئاشـنا دەبیـن. ڕۆمانووسـێک کـە خاوەنـی دیدێکـی ڕەخنەیـی بـۆ هەمـوو ئایدیۆلۆژیایـەک، کـە نەبێتـە خزمەتـکاری مـرۆڤ و دژی مرۆڤبـوون بێـت. بێگومـان هـەر ئـەم خاڵـەش خاڵـی دەرەوشـاوە ڕۆمانـی «لـە مەککە»(4)شـە، کـە بـە دیدێکـی ڕەخنەییـەوە گۆڕانکارییـە نوێکانـی نیمچـە دورگـەی عـەرەب و دوبـەی ڕووپۆشـکراو بـە سـەرمایەداری دەبینێـت. بۆیـە هـەر ڕۆماننوسـێک خاوەنـی دیدێکـی ڕەخنەیـی نەبـوو بـۆ کارکـردن لەنێـو مێـژوودا ئـەوا ناتوانێـت ئەرکـی مێژوونـووس تێپەڕێنێـت و لەبـری ئـەوەی ڕۆمانـی مێـژووی بنووسـێت، مێـژوو وەکـو خـۆی دەنووسـێتەوە.

پەراوێز:

1- قادر عەبدوڵڵا، پێغەمبەر، وەرگێڕانی: دلۆڤان، 2018 لاپەڕە 18.

2- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 230.

3- هەمان سەرچاوە، لاپەڕە 15.

4-خوێنـەر دەتوانێـت بگەڕێتـەوە بـۆ ڕۆمانـی «لـە مەککـە»ی هەمـان نووسـەر لـە وەرگێڕانـی شـەفیق حاجـی خـدر، چاپخانـەی حەمـدی، 2018.

قادر عەبدوڵڵا دەڵێ چی؟

سازدانی: سەلاحەدین بایەزیدی

دیدار

حوسێن سەجادی قایم مەقامی فەراهانی، ناسراو بە «قادر عەبدوڵڵا»، ساڵی 1954 لە شاری «ئەراک»ی ئێران لەدایک بووە. ساڵی 1988 ڕۆیشتۆتە هۆڵەندا و پاش فێربوونی زمانی هۆڵەندی، بەو زمانە نووسیویەتی و ئەمڕۆکە یەکێکە لە نووسەرە هەرە ناسراوەکانی هۆڵەندا. بەرهەمەکانی بۆ گەلێک زمان و لەوانە بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراون، بەڵام کتێبەکانی لە ئێران قەدەغەن و تەنیا دوو کتێبی کراوەتە فارسی و ئەوانیش لە هەندەران چاپ و بڵاو بوونەتەوە.

سەرەتاکانی مانگی ئابی ئەمساڵ، پەردە لەسەر نوێترین ڕۆمانی وەرگێڕدراوی قادر عەبدوڵڵا بە ناوی «لە مەککە» هەڵدرایەوە کە لە لایەن شەفیقی حاجی خدرەوە کراوەتە کوردی. ئەم وەرگێڕە کوردە، پێشتر دوو ڕۆمانی تری قادر عەبدوڵڵای بە ناوەکانی «خانووەکەی مزگەوتێ» و «خەتی بزماری» کردبووە کوردی. بەمجۆرە، تا ئێستا پێنج کتێبی نووسەر لە ماوەی دوو - سێ ساڵدا بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدراون.

قادر عەبدوڵڵا زۆر خۆشحاڵە کە خوێنەرانی کورد کتێبەکانی وی دەخوێننەوە. لە وتوێژێکی تایبەتیدا بەمجۆرە دەست بە قسەکانی دەکا: «سڵاوم هەیە بۆ خوێنەرانی کورد. دونیایەک سڵاو. بە فارسی، بە هۆڵەندی و بە کوردی.»

سەبارەت بە وەرگێڕانی ڕۆمانەکانی بە زمانی کوردی دەڵێ: «هەموو کەس ئەم کتێبانە دەخوێنێتەوە، بەڵام خەڵکەکەی خۆم، بنەماڵەکەم لە ئێران ناتوانن بیانخوێننەوە. من دڵخۆشم ئێوە دەتوانن بیانخوێننەوە. کچەکانی من ڕەگێکیان کورد، زمانی کوردی و جوانییەکانی فەرهەنگی کوردییە. ئێوە کە دەخوێننەوە وەک ئەوە وایە کتێبەکانم گەڕابنەوە ماڵێ.»

یەکێکی دیکە لە ڕۆمانەکانی قادر عەبدوڵڵا کە کراوەتە کوردی و ئەمساڵ لە کوردستان چاپ کرا، ڕۆمانی «پێغەمبەر»ە، ئەم ڕۆمانە لە لایەن «دڵۆڤان» ناوێکەوە وەرگێڕدراوە، خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە وەرگێڕی فارسیی ئەم ڕۆمانەش هەر ناوی خوازراوی بەکار هێناوە، هەرچەند نووسەر جەخت دەکاتەوە کە چیرۆکەکان و ڕووداوەکانی نێو «پێغەمبەر» لەسەر بنەمای ڕاستی مێژوویی ڕۆنراون و دەبێ بە گوێرەی قانونەکانی ئەدەبیات بخوێندرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کاردانەوە و ناڕەزاییان لێکەوتووەتەوە.

قادر عەبدوڵڵا دەڵێ: «من کتێبی پێغەمبەرم بە ڕێزەوە نووسی. من محەممەدی پێغەمبەرم خۆش دەوێ. محەممەد پیاوێکی گەورە بوو. قورئانەکەشی یەکێکە لە جوانترین کتێبەکانی وێژەی جیهان. من ئەگەر ڕۆژێک بچمە هەسارەی مارس، بەدڵنیاییەوە کتێبی تەورات، ئەنجیل و قورئان لەگەڵ خۆمدا دەبەم. ئەمانە گرنگترین کتێبەکانی مرۆڤن.»

ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لە زمانی زەید ئیبن سەلسەوە دەگێڕدرێنەوە و ئەم ڕۆمانە تا ئێستە بە دەیان زمان وەرگێڕدراوە. نووسەر پێی وایە کە لەم کتێبەدا، محەممەدی وەک مرۆڤ، وەک پیاوێک، وەک شاعیرێک، وەک بازرگانێک، ڕێبەرێک، پیاوێک کە ئاشقی ژنە گەنجەکانە خستووەتە ڕوو. ئەو دەڵێ «من لە خۆمەوە هیچم دەرنەهێناوە. هەمووی لە قورئاندا هاتووە. زۆر کەس ئەم کتێبەیان گەلەک خۆش دەوێ. هەندێکیش ڕقیان هەستاوە. من لە تووڕەیی ئەوان دەگەم و ڕێزیان لێ دەگرم.»

نووسەر، نازناوی «قادر عەبدوڵڵا»ی لە ناوی دوو شۆڕشگێڕی کوردی هاوڕێی وەرگرتووە کە لەلایەن ڕژێمی ئێرانەوە لەسێدارە دراون. چۆن و بۆچ ئەو نازناوەی هەڵبژاردووە؟

عەبدوڵڵا هاوڕێیەکی کوردیی حوسێن بووە. قادریش هاوڕێیەکی تری کە ئەویش هەر کورد بووە. کاتێ ویستوویەتی یەکەمین کتێبی سەبارەت بە کوردەکان، واتە کتێبی «کوردەکان دەڵێن چی؟» چاپ بکا، نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ ناوی خۆی بنووسێ. «مەترسیدار بوو. دەیانکوشتم. منیش ناوی قادر و عەبدوڵڵام لە لای یەک دانا و بووم بە قادر عەبدوڵڵا. ئەم هاوڕێیانەی من هەردووکیان ئەوکات گوللەباران کران. بۆیەش ناویانم لەسەر کتێبەکەم هێشتەوە.»



ئەم کتێبە لەلایەن دەزگای ئایدیاوە چاپکراوە

لە لایەکی دیکەوە، نازناوی «قادر عەبدوڵڵا»، پاشناوی باوکی باوەگەورەی لە کۆڵ کردووەتەوە؛ میرزا ئەبولقاسم قایم مەقامی فەراهانی، پاشناوێک کە وەک سێبەر بە دوویەوە بووە. قادر عەبدوڵڵا، هەڵبژاردنی ئەم نازناوە هەم دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکارگەلیی سیاسی و هەم ئەدەبی. ئەو دەڵێ: «من یەکێکم لە نەوەکانی میرزا ئەبولقاسمی قایم مەقامی فەراهانی. میرزا ئەبوولقاسم لە هەموو شوێنێ ناو و دەنگی هەبوو. هەم وەزیر بوو، هەم نووسەر و شاعیر. شەقامەکانیان بە ناوی ئەوەوە کردبوو. کاتێ گەنج بووم، ئەمنیش دەمویست بەناوبانگ بم، بەڵام بە ناوی خۆمەوە. بۆیە بە دوای نازناوێکدا گەڕام. دواجار نازناوێکی خۆشم دیتەوە: قادر عەبدوڵڵا.» بەڵام نووسەر تەنیا ناو ناگۆڕێ، وڵات و زمان و شێوازی نووسینیش گۆڕانیان بەسەر دادێ. قادر عەبدوڵڵا، ساڵی 1371 ی زایینی (1988)، پاش لە سێدارەدانی ئامۆزاکەی، لە تەمەنی 34 ساڵیدا ئێرانی بەجێ هێشتووە و لەو کاتەوە لە هۆڵەندا دەژی و بە هۆڵەندی دەنووسێ. ئەم زمانە بە زمانی ئازادی وەسف دەکا و دەڵێ: «من لەمبارەوە هیچ بڕیارێکم نەدا. خۆی وای لێهات. وەک ئاوێک کە کتوپڕ لە بن بەردێکەوە هەڵبقوڵێ. من لەناکاو بەرهەڵدا ببووم، سەرجەم ستۆپەکان شکابوون. ستۆپی زمانی فارسی، ستۆپی دابونەریتی بنەماڵە، ستۆپی فەرهەنگی، ستۆپی ئایینی. کتوپڕ وەک ئاسمانگەردێکم لێ هاتبوو کە لە بۆشایی و لە نێو ئاسمانگەڕێک دایە. ئازاد ببووم. ئەم ئازادییە زمانێکی هەبوو: زمانی هۆڵەندی. بەم زمانە دەمتوانی چیرۆکەکانم بگێڕمەوە.»

لە ڕۆمانی «لە مەککە»دا ئەم گۆڕانکارییە مەزنەی ژیانی نووسەر بە هۆی زمانی هۆڵەندییەوە بەمجۆرە باسی لێوە کراوە:

«زمانە نوێیەکە {هۆڵەندی} گۆڕانکارییەکی مەزنی بەسەر ژیانی منداً هێنا. {...} بە هۆی زمانی هۆڵەندییەوە هەموو شتێک لە ژیانمدا گۆڕا، بەڵام دوو بوونەوەر، دوو ڕووخساری خۆشەویست هەرگیز نەگۆڕان؛ ئەوانیش ڕووخساری «جەواد» {ئامۆزا لەسێدارە دراوەکەی} و هی

خوشکەکەم بوون.» (لە مەککە، ل. 114)

لەگەڵ ئەوەشدا، زمانی دایکی، زێد و ئەدەبیاتی فارسی ڕۆڵێکی گرنگیان لە گێڕانەوەکانی قادر عەبدوڵڵادا بۆ خۆیان تەرخان کردووە. «زمانی دایکی، فەرهەنگی دەوڵەمەندی ئێرانی و ئەدەبیاتی فارسی لە نهێنییەکانی سەرکەوتنی منن. من هەندێک شتم خوێندووەتەوە و دەزانم کە هیچ نووسەرێکی هۆڵەندی نایانزانێ»، قادر عەبدوڵڵا وا دەڵێ.

بەمجۆرەش بەردەوام دەبێ:

«من قورئانم خوێندووەتەوە، شانامەم خوێندووەتەوە، سەعدیم خوێندووەتەوە، ڕووەکیم خوێندووەتەوە.

من سروودە کوردییەکانم لەبەر کردووە. من شارەزای خەم و خەفەتی کوردەکانم. گشت ئەمانە هێز بە قەڵەمەکەم دەبەخشن.»

«کوردەکان دەڵێن چی؟»، یەکەمین کتێبی قادر عەبدوڵڵایە کە بە زمانی فارسی نووسیویەتی. نووسەر لە سەرەتای ئەم کتێبەدا دەنووسێ: «بۆم دەرکەوت باشترین ڕێگە بۆ ناسینی کوردستان ئەوەیە بڕۆم و ئەوێ لە نزیکەوە ببینم، بۆیە جانتاکەم دەست دایە و کەوتمە ڕێ، سەرەتا نەمدەزانی لە کوێوە دەست پێ بکەم، دوای ڕووداوەکان کەوتم، ڕەنگە ئەمە ڕێگەیەکی باش نەبێ بۆ ناسینی کوردستان، بەڵام لەمە زیاتر هیچم لەدەست نەدەهات.»

لە زۆر شوێنی ئەم کتێبەدا پێت وایە ڕۆمانێکی خۆش و سەرنجڕاکێش دەخوێنێتەوە و هەست ناکەی سەفەرنامە یان ڕاپۆرتێکی سیاسی بەدەستەوە بێ، بۆچی قادر عەبدوڵڵا بیری لەوە نەکردووەتەوە گەشتی کوردستان بکاتە ڕۆمان؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەبێژێ: «هەر دوو کتێبەکەی من دەربارەی کوردستان، بەتایبەتیش «کوردەکان دەڵێن چی؟» بەرهەمی نووسەرێکی گەنجن کە لە ڕێگەیەک دەگەڕێ بۆ ئەوەی کتێبەکانی بنووسێ. کتێبی «کوردەکان دەڵێن چی؟» بە زمانێکی شیرین نووسراوە، بەڵام ئەودەم سەردەمی شۆڕش بوو. کاتی خوێندنەوەی ڕۆمان نەبوو. من چووبوومە کوردستان بۆ ئەوەی هاواری کوردەکانمان بە گوێی هەموان بگەیەنم.»

قادر عەبدوڵڵا دوای نووسینی ئەم دوو کتێبە سەبارەت بە کوردەکان، ڕوو دەکاتە نووسینی چیرۆک، ڕۆمان و وەرگێڕان و ئیتر ماڵئاوایی لە زمانی فارسی و ئەم جۆرە نووسینە دەکا. دوای دوو ساڵ مانەوە لە هۆڵەندا ڕاستەوخۆ بە زمانی هۆڵەندی دەنووسێ. هۆڵەندییەکی سادە و بێ گرێوگۆڵ. ئەو ڕستانەی قادر عەبدوڵڵا بەکاریان دێنێ کورت و سادەن، لێی دەپرسم ئاخۆ ئەم سادەنووسینە لەبەر نووسین بە زمانی هۆڵەندییە یان خۆی نووسەرێکی سادەنووسە؟

«نووسین بە زمانی ئەوانیتر، جوانیی و بەربەستی تایبەت بە خۆی هەیە. کە هاتمە هۆڵەندا سی و سێ ساڵم تەمەن بوو و لە سی و پێنج ساڵیدا بە هۆڵەندی نووسیم. سنووردارییت، بەڵام ڕێی تازە دەدۆزیتەوە بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکەت، ڕێگەی نوێ»، قادر عەبدوڵڵا وا دەڵێ.

سادەنووسینیشی دەگەڕێنێتەوە بۆ سێ هۆکاری سەرەکی: «هۆکاری یەکەم، زمانی هۆڵەندییە کە زمانێکی دژوارە. هۆکاری دووەم، ئەوەیە کە سادەنووسین پرەنسیبێکی ئەدەبیاتی فارسییە. فیردەوسی دەڵێ «عجم زندە کردم بدین پارسی» (عەجەمم زیندوو کردەوە بەم زمانی فارسییە)، ڕستەیەکی سادە و ڕەواتایە. هۆکاری سێیەمی سادەنووسینی من باوکم بوو. باوکم کەڕ و لاڵ بوو و من بەردەوام دەبوایە سادە، پتەو و ڕوون بە زمانی ئاماژە قسەم بۆ بکردایە.»

زمانی ئاماژە لە چیرۆک و ڕۆمان و تەنانەت ڕاپۆرتە سیاسییەکانی قادر عەبدوڵڵادا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەیە. نووسەر، لە سەفەری بۆ شاری مەهاباد و دیداری لەگەڵ شێخ عیزەددین حوسێنی، بێدەنگ دەبێ و تەنیا بە زمانی ئاماژە لەگەڵی دەدوێ و بە نیگا بۆچوونەکانی پشتڕاست دەکاتەوە. لە ڕۆمانی «لە مەککەش»دا کە وەک زۆربەی ڕۆمانەکانی تر، نووسەر ئاوڕی لە ژیانی خۆی داوەتەوە، ئەم دێڕانە دەخوێنینەوە:

«من کاتی خۆی پەیم پێنەبردبوو، بەڵام دواتر کە هاتمە هۆڵەندا

و لـەوێ ژیـام، ئـەوەم بـۆ دەرکـەوت، هێشـتاش ئـەو زمانـە ئاماژەیـەی باوکـم بـەکار دەهێنـم. ئـەوەش مایـەی سەرسـامیم بـوو، ئاخـر هەرچەنـد تەمەنـم هەڵدەکشـا، زیاتـر دەگەڕامـەوە سـەر خـووی کـۆن، سـەر زمانـی ئامـاژە.» (لـە مەککـە، لاپـەڕە 70)

قـادر عەبدوڵـڵا، لـە سـاڵی 1998 بـەو لاوە، یانـی لـە دوای چاپـی یەکـەم کتێـب بـە زمانـی هۆڵەنـدی، دەیـان کتێبـی ئەدەبـی بـەو زمانـە نووسـیوە و چەنـد خەڵاتـی نێوخۆیـی و نێونەتەوەیـی وەرگرتـووە. بـە ڕای زۆربـەی ڕەخنەگـران، ڕۆمانـی «خانووەکـەی مزگەوتـێ» سـەرکەوتووترین بەرهەمـی نووسـەرە، بـەڵام خـۆی لـە نووسراوەیەکـی کـورت بـۆ چاپـی کوردیـی «خەتـی بزمـاری»، ئـەو ڕۆمانـەی بـە ڕۆمانـە خۆشەویسـتەکەی نـاو دەبـا، لەمبـارەوە دەڵـێ:

«کتێبـی «خانووەکـەی مزگەوتـێ» بەناوبانگتریـن ڕۆمانـی منـە. بـەڵام ئەمنیـش وەک خوێنەرەکانـم کتێبـی «خەتـی بزمـاری»م خـۆش دەوێ. کتێبێکـە دەربـارەی باوکـم. لەسـەر ڕەنجەکانـی باوکـم و خەڵکـی ئازیـزی وڵاتەکـەم دەدوێ. باسـی خوشـکەکەم و ئازارەکانـی دایکـم دەکا.

مـن ویسـتوومە گشـت ئەمانـە بـە ئێـوە نیشـان بـدەم. هـەر کتێبێـک دنیـا و چارەنووسـی تایبـەت بـە خـۆی هەیـە. مـن لـەم ڕووەوە «خەتـی بزمـاری»م زیاتـر خـۆش دەوێ، لەبـەر باوکـم.»

کتێبەکانـی قـادر عەبدوڵـڵا بـۆ زیاتـر لـە سـی زمـان وەرگێـڕدراون و هـەزاران کـەس لـە ئەوروپـا دەیانخوێننـەوە.

دوای سـاڵانێکی زۆر مانـەوە لـە هۆڵەنـدا، پەنابـەری و کـۆچ هێشـتا بابەتی سـەرەکیی ڕۆمانەکانـی نووسـەر پێـک دێنـن، قـادر عەبدوڵـڵا نایـەوێ بـە هەڵبژاردنـی ئـەم مژارانـە کاریگەریـی لەسـەر بەردەنگـی ئەوروپـی و خوێنـەران دابنـێ. ئـەو دەڵـێ: «مـن هەرگیـز نامـەوێ کاریگەریـی لەسـەر تێڕوانینـەکان دابنێـم. مـن نامـەوێ کاریگەریـی لـە سـەر تێڕوانینـی کوردەکانیـش دابنێـم. مـن لەگـەڵ خۆمـدا دەیانبـەم بـۆ سـەفەر، بـۆ دنیایـەک کـە پێـم خۆشـە نیشـانیان بـدەم. مـن دەمـەوێ دنیـای خـۆم لەگـەڵ ئەوانـدا بـەش بکـەم، هـەر بۆیەشـە دەنووسـم.»

لـە کۆتایـی ئـەم وتوێـژەدا کـە بـە ڕسـتەی کـورت، پوخـت و سـادە و ڕەوان وەڵامـی دامـەوە، لـە قـادر عەبدوڵـڵام پرسـی چ شـتێک لـە نووسـەرانی هۆڵەنـدای جیـا دەکاتـەوە، وەڵامـی دامـەوە:

«شتێک هەیە ئێمە بە یەکەوە گرێ دەدا، ئەویش دانیشتن و نووسینە. شـتێک ئێمـە پێکـەوە گـرێ دەدا، ئێـوەش نووسـینە بـۆ خوێنـەر کـە دواتـر بەرهەمەکـە دەخوێنێتـەوە.

بـەڵام زۆر شـت مـن لـەوان جیـا دەکاتـەوە، ئەویـش ئـەو شـتانەن کـە مـن هەمـن و هەمبـوون و ئـەوان نیانـە. ئـەو شـتانەش ئەمانـەن: چیـاکان، وشـکەڕۆکان، لێـڕەوارەکان، پادشـا مەزنـەکان، نووسـەرە گـەورەکان، بەرهەمـە شـاکارەکان، مزگەوتـەکان، جەژنـەکان، سـەما و هەڵپەڕکـێ، ژنـە جوانـە ئێرانییـەکان، مێـژووی ئێـران، دایەگـەورە خۆشەویسـتەکان، سروودە نەتەوەییـەکان، دەرد و ئـازاری کـوردەکان، ئازەرییـەکان، سیسـتانی و بلووچـەکان. هەروەهـا ژنەکـەم و کچەکانـم کـە ڕەگێکیـان کـوردە.»

قادر عەبدوڵڵا..

فارسێک کەبە هۆڵەندی دەنوسێت لە سێکوچکەی دەق و زمان و ناوەڕۆکدا..

حەیدەر حاجی خدر

(1)

دەکرێ لە مشتومڕی ناسنامەی دەقدا، زمان و ناوەڕۆك هێشتا هاوتەریب بن و خۆیان لەنێوان دو تێڕوانینە باوەکەی ئەو پرسە بەدەستەوەنەدەن. لە تێڕوانینێکدا، کە فەڕەنسییەکان سەرمەشقی بۆچونەکەن، زمان ناسنامە دەداتە دەق، جا با ناوەڕۆك بۆ خۆی هەر بڕێسێ. لە تێڕوانینەکەی دیکەشیاندا، کە ئەمریکییەکان سەرمەشقی بۆچونەکەن، ناوەڕۆك ناسنامەی دەقە، جا لە مەشدا زمان هەرچییەك بڵێ هیچ ناگەیەنێ و گوێی لێناگیرێ. ئەم مشتومڕە لە وجودی ناونیشانی ئەم بابەتەدا لە دو ئەگەردا جیاوازە: ئەگەر نوسەرەکە هۆڵەندی بێ و هەر بە هۆڵەندی بنوسێ. ئەگەر نوسەرەکە فارس بێ و بە هۆڵەندی بنوسێ. ئەم مشتومڕە لە بارەی هەر ژانەرێك بێ، هەمیشە بە ئاسۆیی زمان دەبێتە سەرمەشق و بە ستونیش ناوەڕۆك.

(2)

لە زمانەوانیشدا شتێکی هاوشێوە هەیە. ئەگەر تێکهەڵکێشی ئەو مشتومڕەی بکەین، دەکرێ بڵێین: وا باوە ئەو کەسەی کە فارس بێ و بە هۆڵەندی بنوسێ دەبێ بیرکردنەوەکەشی هۆڵەندیانە بێ، چونکە لە فێربونی زمانی دوەمدا هەمیشە جەخت لەوە دەکرێتەوە، کە فێربونی زمان و پێنوسینی وەك ئەوەیە بە ناواخن و جۆری بیرکردنەوەی ئەو زمانەش بیربکەیتەوە، چونکە بە پێی تێڕوانینەکە زمان و بیرکردنەوە بەیەکەوەن.

(3)

(لە مەککە) دوا ڕۆمانی (قادر عەبدوڵڵا) ی ڕۆمانوسی فارسی هۆڵەندینوسە و یەکەم زمانیش، کە بۆی وەرگێڕدرابێ کوردییە. لە لایەن (شەفیقی حاجی خدر) هوە خراوەتە قالبێکی کوردیانەوە. ئەگەر ئەم ڕۆمانە بەم پێودانگەی یەکەم و دوەم لە لایەك و ژیاننامەکەی خودی نوسەریش لە لایەکی دیکە هەڵسەنگێنین بۆچونە باوەکەی تێڕوانینی یەکەم دەکەوێتەژێر پرسیار و بۆچونەکەی تێڕوانینی دوەمیش تۆختر و زەقتر دەبێ. ژینگەی چنراوی دەستی ئایەتوڵڵاکان قادر عەبدوڵڵایان هەڵداوەتە هۆڵەندا. بەم پێیە کەسێك، کە هێشتا لە بیرکردنەوەیەکی ئێرانیانە بۆ نیشتمان و ڕەتکردنەوەی ئەو چنراوەی دەستی ئایەتوڵڵاکاندا بێ، زمان هەر بۆ گەیاندنە. تۆ بڵێی زمانی هۆڵەندی چ شانازییەك بۆ دەقێکی لەو جۆرە بەجێبهێڵێ، کە ئەو خۆی تیادا تەنها ئامرازی گەیاندن بێ تا بە ئەدەبییاتێکی خۆیی دایبنێ..؟

(4)

قادر عەبدوڵڵا لەم ڕۆمانە تازەیەدا، بەڵەبنی و بەمەبەست، خۆی لە چوارچێوەی ئێرانییەت یان فارسایەتی ئاخنیوە و نایێتەدەرەوە، هەمو پەیوەندی و پەیوەستییەکانیشی هەر بەوە گرێداوە. چوبێتە سەر هەر پنتێك تارمایی ئەو گیانەی تێدا زاڵە، تەنانەت ئەگەر چوبێتە ئاستی جۆرێك لە نەتەوەپەرستیش وەك ئەو مەیلە مێژوییەی هەر خۆی دەیهێنێتەوە ئەگەر بە ڕقوقینیشەوە سواقداربێ. مافورە لولدراوەکەی بنهەنگڵی باوکە کەڕولاڵەکەی هەر لە ئێرانەوە تا ئەمستردام، بە زڕ و ناڕەسەندانانی مافورەکەی ناو هوتێلە سەیر و سەمەرەکەی شێخ زاید هەر بە دەستلێکوتینی لە لایەن پیرە داکە نەخۆشەکەی ژێر ڕەحمەتی زەهایمەر، هەر ئەو شانازییەی لێدەتکێ. سەنگرانەوە لە عەرەب بەگشتی و بەتایبەتیش سعودییەکان لە پاشخانی ئەو پەیوەندییە کێشەدارەی نێوان دو نەتەوەکە تا دەگاتە ئەوەی ئەگەر کچێکیان بیەوێ شو بە عەرەبێك بکا گومان لەوە بکا، کە ئاخۆ ئەمە کچی ئەوە یان نا، هەر ئەو گیانەی لێدەتکێ. هەڵبژاردنی نهۆمەکانی سەرەوەی ئاپارتمانەکان لە وڵاتانی دیکەدا لە لایەن گەشتیارە فارسەکانەوە هەر تارمایی ئەو گیانەی بەسەرەوە زاڵە. لە هیچ بەشێکی

ڕۆمانەکەدا لە کۆی 34 بەشەکەیدا نییە، قادر عەبدوڵڵا لە پنتێکی گفتوگۆکاندا نەچێتەوە سەر سیاسەتی ئایەتوڵڵاکان و هەژمونی ئەوان بەسەر ناخی هاووڵاتیاندا نەوروژێنێ. کە دەڕوانێتە دەریا و ئەو کەنداوەی ئیماڕاتی لەسەر هەڵکەوتەوە سیحرەکەی لە فارسی و کەنداویی فارسییەوە دەبینێ. گەڕانەوە بۆ ئەو مەیلە مێژوییەی، کە سەردەمانێك ئەو خاکەی ئیماڕاتی لەسەر بنیادنراوە هەر هی ئەوان بوە، شێخەکان بە پارە کردویانەتە ئەو کۆمەڵگا دەستکردە.

لە چونە ناو دەریاوە بە دوای خوشکەکەیدا هەر لە تاسەی چونەوە نیشتمانەوە سەرچاوەدەگرێ.

(5)

قادر عەبدوڵڵا خۆی وەك کەسایەتی سەرەکیی ڕۆمانەکە سڵی لە نیشاندانی ناخی فارسەکان نەکردۆتەوە، کە ڕودەکەنە وڵاتانی دەرەوە. ئەم نیشاندانە بۆ نیشاندانی هەژمونی ئایەتوڵڵاکانە بەسەر



قادر عەبدوڵڵا

کۆمەڵگاکەیان و مەیلی ئەو بۆ کرانەوە بە ڕوی ئەو دونیایەی ئەوان لێیدابڕاون. هەروەك سڵی لەوە نەکردۆتەوە، کە لە سەیرکردنی هەر شتێك لەو ئیماڕاتەی بە زەبری پارە بۆتە ئەو وڵاتە، هەواڵگریی ئێران ببینێ وەك ئەوەی تاق و دیوارەکانی ئەو وڵاتانەش گوێیەکی هەواڵگریی ئێرانیان پێوە بێ بۆ ئەو کەسانەی لەو تەونە چنراوەی دەستی ئایەتوللاکان چونەتەدەرەوە هەر قولاغ و هەڵخراو بێ، وەك نیشاندانی هەژمونی دەستەڵاتداریەتیی ئەو دەزگایە لە جیهانی دەوروبەردا. سڵی لە پیشاندانی نەدیتکەیی (بەمانا نێگەتیڤییەکەی نا) هاووڵاتیانی خۆی نەکردۆتەوە کاتێك لە سنوری ئێران دەردەچن ئەگەر چاوگێڕانی مەحبوبەی خوشکیشی بێ بە بەسەرداگرتن بە ژورەوەی ماکدۆنالدەکان و وەستان لە پشت جامخانەی دوکانەکان و ساماکردنی دایکیشی بەدەم موزیکەوە ..... تد.

(6)

لە هەر پنتێکی تان و پۆی ڕۆمانەکە وردەبیتەوە، قادر عەبدوڵڵا بە گیان و بیرکردنەوە و ناخێکی ئێرانی یان فارسانەوە وەستاوە و ئەو گیانە بە بەر هۆڵەندیدا دەکا بە بێ ئەوەی تۆزقاڵێك بە ناواخنی ئەو زمانە بیربکاتەوە. لەمەوە دەچینەوە سەر ئەو باوەڕەی ئەمەریکییەکان لە ڕەتکردنەوەی تێڕوانینی ئەوەی، کە زمان ناسنامە ناداتە دەق و ئەوە ناوەڕۆکە ئەوە ناسنامەیەی بۆ دەردەکا، پشت بە جیاوازیی ژینگە و چوارچێوەی بیرکردنەوە و پاشخانی سیاسی و فکر و لایەنی ڕۆشنبیری و جۆری بیرکردنەوەی نوسەرەکە دەبەستێ و بەستراوە. بەم پێیە

(لە مەککە) کەی (قادر عەبدوڵڵا) سێکوچکەکەی (دەق ، زمان ، ناوەڕۆك) بە تەرزێکی دیکە دادەنێتەوە و ناوەڕۆك دەکاتە ناسنامەی دەقەکە و زمانیش هۆکارێك بۆ گەیاندنی ئەو ناواخن و ناوەڕۆکە بە کۆمەڵگای دەرەوە.

(7)

ژانەر: ڕۆمان
ناونیشان: لە مەککە
ڕۆماننوس: قادر عەبدوڵڵا
وەرگێڕ: شەفیقی حاجی خدر
زمان: هۆڵەندی
پێکهاتە: 34 بەش
چاپخانە: حەمدی
چاپ: یەکەم 2018
بەرگ: ئازاد وەرتی
ژ. سپاردن: 248
لاپەڕە: 222

لەفەرەنسییەوە: سەلاحەدین بایەزیدی

قادر عەبدوڵڵا

خەباتگێڕانی بەر سێبەر

چیرۆك

ئێلی بەردەوام پێی وابوو ئەگەر بێت و ڕۆژێک منااڵێکی ببێ، ئەوا بەختەوەرییەکەی دەگاتە لوتکە، بەاڵم قەت دووگیان نەدەبوو. پێی نابووە تەمەنی سی و سێ ساڵییەوە و لەوە دەترسا ماوەیەکی تر کە لەوە بەتەمەنتر بوو نەتوانێ منااڵێک بێنێتە دونیا.

ڕۆژێکی ساردی پاییز، پاش کەمێک دەمبەدەمە لەگەڵ یۆهانی مێردی، ڕۆیشتە دەرەوە تا پیاسەیەک بکا. دەمەوئێوارە بوو. خۆر خەریک بوو ئاوا دەبوو. بەرەو ئاڕاستەی دارستان ڕێی دەکرد و هیوای دەخواست بەمجۆرە ئەهوەن بێتەوە.

بە گشتی، ڕێبوارەکانی تر لە دارستان دەهاتنە دەرێ، بەاڵم لەو ساتەوەختەدا کەس بەدی نەدەکرا. نەیوێرا لەوە پتر بچێتە پێشێ و دەیویست وەربسووڕێ کە لەناکاو لە پشتەوەی گوێی لە دەنگی هەنگاوەکانی کەسێک بوو. حەمەد ئەلسەعید ئەلئەشرەفی، لە نێو دارەکانەوە، لە تاریکیدا بەدەر کەوت. ئێلی هەر کە چاوی پێی کەوت، هەستێکی پێناسەنەکراو بەسەریدا زاڵ بوو. دڵی تووندتر لێی دا. لەبەر خۆیەوە گوتی چیم بەسەر هاتووە؟

لە ڕێگەی گەڕانەوەدا، نەیتوانی هەودای خەیاڵی لەم غەریبەیە جیا بکاتەوە: بۆچی ئەم پیاوە بەو ڕادەیە سەرنجی ڕاکێشابوو؟ ئاخۆ لەبەر خودی پیاوەکە بوو یان هۆکارەکەی ئەو ئیماژە نێوخۆییە بوو کە سەبارەت بەم کابرا نامۆیە هەیبوو کە کتوپڕ لە نەبوونەوە پەیدای ببوو؟

ماوەیەکی زۆر لە گژ فکرەوە چوو. باشە کێ بوو بەردەوام سەبارەت بە پیاوێک، نەناسراوێک کە لە نەبوونەوە بەدەر دەکەوت، قسەی بۆ کردبوو؟ دایەگەورەی؟ بەڵێ، دایەگەورەی هەمیشە سەبارەت بە بێگانەیەک، بە خۆشەویستییە ڕاستەقینەکەی قسەی بۆ کردبوو. بەردەوام بە بیری دەهێنایەوە، بەر لەوەی ئێلی خەوی لێ بکەوێ، ماوەیەکی زۆر بەر لە ئێستا. ئێلیش، نە جارێک و نە دوان، خەونی پێوە بینیبوو، خەونی بەم ئەوینەوە بینیبوو. لە خەونەکەیا دەیبینی دایەگەورەی لەبەر دەمیەتی و ئاوڕی دەدایەوە تاکوو ئەو بێگانەیە ببینێ کە لە تاریکییەوە دەهاتە دەر.

دواتر، هێزێکی سەیر، گەلەک جاران، لە کاتی گونجاودا، لە دەرەوەی ماڵەکەی تا دارستان پەلکێشی کردبوو و گەلەک جاریش، بە سەریدا کەوتبوو بێ ئەوەی کەسێک شایەتی ئەم دیدارە بێ.

حەمەد لە گەڕەکەکەی ئەو نەدەژیا. ئێلی بەردەوام حەزی دەکرد لێی بپرسێ: «ئادەی پێم بڵێ، چ شتێک هانی داوی بێیە ئێرە؟ ئاخۆ بە هەڵکەوت هاتووی یان پێشتر زۆر جاران ڕووت لێرە کردووە؟» بەاڵم پرسیاری لێ نەکردبوو. نەزانینی وەاڵم باشترە.

دوو مانگ دواتر، بە دووداڵی ڕۆیشت سەرێک لە دکتۆری بنەماڵە بدا. کە خۆی حازر دەکرد بگەڕێتەوە، پەرستارەکە لەبەردەم دەرگا حەپەساندی: «پیرۆزباییت پێدەڵێم. ئێوە دووگیانن.»

ئێستا کە خاوەنی کیژۆڵەیەکە، حەمەد ئەلئەشرەفیش شوێنێکی تایبەتی لە ژیانی ویدا هەیە.

شەوێک کە لەگەڵ مێردەکەی لاپەڕەکانی ڕابردوویان هەڵدەدایەوە، یۆهان گوتی: «لەو کاتەوەی یاسمین لەدایک بووە، تۆ گۆڕاوی، من چوومەتە پلانی دووهەمەوە.»

ئێلی گوتی: «وا نییە.»

مێردەکەی پێداگرانە گوتی: «بۆچی، وایە، تەنانەت لەو کاتەوە کە زانیت دووگیانی.»

هەق بە یۆهان بوو، بەاڵم ئەو دەیتوانی چ بکا؟

ئێلی پڕە لە حەز و ویست، هەوڵ دەدا هاوسەرێکی باش بێ و لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێی شتێک کەمە.

گەلۆ یۆهانی خۆش دەوێ؟ خۆشویستن، ڕەنگە زەحمەت بێ وا بڵێین: یۆهان باشە. یۆهان بەوەفایە. باوکی ماڵباتێکە کە تیایدا ئێلی دایک و یاسمین کچن.

ئایا لە ژیانی خێزانیدا کەمایەسییەک هەیە؟ ئەوەی ڕاستی بێ، نەخێر. لەوە زیاتر چی گەرەکە؟ شتی تر. چوونە ناو جیهانی تایبەتیی بێگانەیەکەوە؟ نازانێ، خودای من، نازانێ.

جار نا جارێ، بیر لەوە دەکاتەوە باشتر وایە وازی لێ بێنێ، بەڵام بۆچی؟ خۆ ئەلئەشرەفی لە بەردەم ژیانی خێزانی ئەودا نەبۆتە کۆسپ.

حەمەد ڕۆژێک پێی گوت: «تۆ وەک مەلێک وای ئێلی، هەر سات و ناساتێ دەتوانی بفڕی، بەڵام من هەمیشە لەو ساتەوەختەدا چاوەڕێت دەکەم کە دەنیشییەوە.»

سەرەتاکان، ئێلی دەترسا، لەبەر ماڵ و حاڵی سامی ڕێ نیشتبوو، بەڵام زەمەن لەگەڵ خۆیدا هیوای هێنا و تینی بە ژیانی ئەو بەخشی.

یۆهان لە باژێروانی کار دەکا و بە یارمەتیدانی پەنابەرانەوە سەرقاڵە. لە ماڵەوە بەردەوام باسی ئەو کەسانە دەکا کە تازە هاتوون و بەمجۆرە ئۆگری لە ئێلیدا بۆ ئەم خەڵکانە چێ کردووە.

ئێلی، ئێستا سەرجەم هەواڵ و ڕووداوی پەیوەندیدار بەوان دەشۆپێنێ. پەیتا پەیتاش لەمبارەوە پرسیاران دەکا.

ڕۆژێک بە یۆهانی گوت ئەم شەپۆلی پەنابەرانەش لە کەسانی پوختە و بەتوانا پێک دێ، وەکوو ئەو شۆڕشگێڕانە کە هەندێکیان بە درێژایی چەندین ساڵ لە سەر چیاکان یاخود لە نێو دارستانەکاندا دژ بە دیکتاتۆرە دەسەڵاتدارەکان خەباتیان کردووە. «بەڵام لەوە تێناگەم، شۆڕشگێڕێک کە ئەو هەموو ساڵە لە چیاکان ژیاوە، چلۆن دەتوانێ بە ژیان لە نێو ئاپارتمانێکدا ڕابێ؟»

یۆهان گوتی: «سەختە، بەڵام خۆشت دەزانی، هەندێک کەس خێرا بە ئێرە ڕادێن. زوو فێری زمان دەبن و بە گشتی سەرقاڵی خوێندن

دەبـن و کـە بارودۆخـی ولاتەکەیـان لەبـار بـۆوە، بـە بیرۆکـەی نوێـوە دەگەڕێنـەوە.

-ئەوان دەڕۆنەوە؟

-بە دڵنیاییەوە، کەسێکی ئاوا نایەوێ هەتا هەتایە لێرە بژی.

-باشـە، بـەڵام بـە کـردەوە، بـۆ ئـەو کەسـە ئاسـان نییـە بچێتـەوە وڵاتـی خـۆی. چونکـە لـە وڵاتـی میوانـدا کۆمەڵێـک پەیوەندیـی نوێـی دروسـت کـردوون. هەرچـی بـێ ناتوانـێ لـە چاوتروکانێکـدا...

یۆهـان بـە سەرسـوڕمانەوە پرسـی: «چۆنـە کتوپـڕ هێنـدە ئۆگـری ئـەو کاروبارانـە بـووی؟»

ئێلـی بـۆ سـاتێک نەیزانـی چ وەڵامێکـی بداتـەوە: «ئێسـتا بـە هەڵکـەوت ڕۆمانێکـی پەیوەندیـدار بـە سـەربوردەی شۆڕشـگێڕێک دەخوێنمـەوە کـە ناچـار دەبـێ بـە پەلەپـەل لـە نیشـتیمانەکەی هەڵبـێ و پـاش سـەفەرێکی دوور و درێـژ، لـە ئاڵمانیـا، خـۆی لـە نێـو ئاپارتمانێکـدا دەدۆزێتـەوە.

-ئەها، سەرنجڕاکێشە، ئینجا چ دەکا؟

-نازانـم. هێشـتا کتێبەکـەم تـەواو نەکـردووە، بـەڵام پێموایـە ئـەم ڕاهاتنـە زۆر ئەسـتەم دەبـێ. بیـر لـەوە بکـەوە یەکێـک لـەو شۆڕشـگێڕە بیانییانـە لەنـاکاو لـە گەڕەکەکـەی ئێمـە سـەر دەربێنـێ و جگـە لـەوەش ئاشـق دەبـێ، ئەویـش ئاشـقی ژنێـک کـە مێـردی هەیـە و...

-تـۆ ئـەم چیرۆکانـە هەڵدەبەسـتی یـان بـە ڕاسـتی لـە نێـو کتێبەکەتـدا هـەن؟

-نا، مەبەستم ئەوەیە بەڵێ، ژنەکە، بەڵام... هەڵبەت هی کتێبەکەن.»

هەرچەنـد ئەلئەشـرەفی بـۆ هەمیشـە لـە پەراوێـزی بنەماڵـەی ئێلیـدا دەمێنێتـەوە، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئێلـی دەترسـێ، زۆر لـەوە دەترسـێ تووشـی چەنـد هەڵەیەکـی نەخـوازراو بـێ و ژیانـی مێردەکـەی هەڵبوەشـێنێتەوە.

ئەلئەشـرەفی تەلەفۆنـی بـۆ نـاکا. ئـەم زەنگـی بـۆ لێـدەدا و وادەیـەک دیـاری دەکا. جـاری وایـە بـۆ مـاوەی مانگێـک خـۆی لـێ دەبوێـرێ. بـەڵام ئەوەنـدەی بـۆی بکـرێ هەمـوو ڕۆژێ تەلەفۆنـی بـۆ دەکا و تەنانـەت

هەموو ئێوارەیەک چاوی پێی دەکەوێ، بە خێرایی با، بەس بۆ ئەوەی لەگەڵی بێ، بۆ ئەوەی خۆ بهاوێتە نێو هەمبێزی و جارێکی تر گوێی لێ بێ کە دەڵێ: «تۆم بۆ هەتا هەتایە خۆش دەوێ.» ڕۆژی وا هەڵدەکەوێ، خولیای بینین سەرکوت دەکا، بەڵام ناتوانێ خۆی قوتار بکا. لەو کاتانەدا حەمەد لە نێو خەونەکانیدا بە دیار دەکەوێ و ئێلی سەر لە سەر شانی دادەنێ و بە بێدەنگی فرمێسک هەڵدەوەرێنێ.

حەمەد دەستی دەگرێ و لەگەڵ خۆیدا دەیبا.

بۆ کوێ؟

تەنانەت لە نێو خەونەکانیشیدا، بەرسڤێکی دەست ناکەوێ.

لە قاوەخانەیەکی قەراغ ڕووبار، لە گوندێکی هێمن چاویان پێک دەکەوێ.

کە ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم قاوەخانەکە ڕادەگرێ، دەبینێ کە حەمەد چاوەڕوانە، وەک هەمیشە لە یەک شوێن، مێزێکی تەنیشت پەنجەرەکە.

پەنجەرەکە دەڕوانێتە ئەو ڕووبارەی مەلە دەریاییەکان بەسەریدا دەفڕن و کەشتییەکان بە نێویدا تێپەڕ دەبن.

هەموو چاوپێکەوتنەکانیش کورتخایەن و سەرپێین، تەنیا یەک دەبینن و بەس. کێ چووزانێ، ڕەنگە ئەم دیدارە کورتانە نهێنیی چیرۆکە پەرییەکەیان بێ.

ئێلی لە نەینۆکدا سەیری خۆی دەکا. تۆ بڵێی شۆخ بم؟ بۆچی حەمەد منی خۆش گەرەکە؟

ئەگەر حەمەد بەرگەی ژیانی مەنفا دەگرێ، ڕەنگە تەنیا لەبەر ئەم خۆشەویستییەی بۆ ژنێکی وەک ئێلی بێ.

ئێلی نازانێ باوکی ئەو مناڵە کێیە کە هەڵیگرتووە. ئاخۆ یۆهانە؟ ئەلئەشڕەفییە؟

تۆ بڵێی پاش چەندین و چەندین ساڵ جووتبوون لەگەڵ مێردێک بێ ئەوەی بتوانی مناڵێکت لێی هەبێ، ئەوەندە بەس بێ، تەنیا جارێک، ئەویش کورت و خێرا لەگەڵ پیاوێکی تر جووت بی و دەسبەجێ لێی دووگیان بی؟

لە قووڵایی دڵیدا، بە وەڵامی پرسیارەکە دەزانێ، بەڵام ئەشێ فەرامۆشی بکا، وەک کۆنە سندووقێکی داخراو بە قفڵی پۆڵایین لە نێو تاریکایی ئەنگوستەچاوی ژێرزەمینێکدا.

کێ چ دەزانێ، ڕەنگە دواتر، زۆر دواتر، کە بوو بە دایەگەورە و یاسمین بوو بە دایکێکی گەنج، ڕاستییەکانی لا بدرکێنێ.

ئەو هەرگیز بە خەیاڵیشیدا نەدەهات ڕۆژێک لە ڕۆژان پیاوێکی تر پێ بنێتە نێو ژیانییەوە. بۆچی ژیانی ئاسایی و مەنگی ئێلی دەشێ بۆ شتێکی وا نائاسایی بگۆڕدرێت؟

بەردەوام لە خۆی دەپرسی ڕەوتی ژیانی ئێمە پەیوەندیی بە کێ و بە چ شتێکەوە هەیە؟ ئاخۆ ئەمجۆرە شتانە بەهەڵکەوت ڕوو دەدەن؟ ئەم ململانێیە هەڵکەوت نەبوو، هی تریش ڕوویان دابوو، بەڵام ئێلی هەرگیز جارێکی تر ماڵەکەی جێ نەهێشت.

ئاخۆ تەنیا هەقایەتێکە دایەگەورەی گێڕاویەتیەوە کە چاوگەی گەلەک خۆف و خۆشی ئەوتۆیە لە ژیانی ئێلیدا؟ بەڵام ئەگەر وابێ، چۆنە خودی دایەگەورە ئاشقی پیاوێکی تر بووە؟ ئەم خۆشەویستییە چۆن چەکەرەی کردبوو؟ پاشان چ قەومابوو و چیرۆکەکە چلۆن کۆتایی هاتبوو؟ ئێلی نازانێ. بۆ ئەو ئەمانە ڕازێکی سەر بە مۆرن.

دایەگەورەی دەمێکی درێژە مردووە، بەڵام لە یادەوەرییەکانی ئێلیدا هەروا خۆشەویستی خۆی پاراستووە. ئێلیش دوورتر ڕۆیشتووە. ئێستا یاسمینێکی بچووک هەیە.

ڕۆژێک، یاسمینی نیشانی ئەلئەشڕەفی دا، پاشان یەکسەر پەژیوان بوویەوە: ئیشێکی گەوجانەیە، نەدەبوو وام کردبا.

یاسمین ئەوکات شەش مانگی تەمەن بوو و ئێلی بە جۆرێک وادەی چاوپێکەوتنەکەی دیاری کردبوو کە هەموو شتێک تا دوا ڕادە ئاسایی بنوێنێ: دیدارێکی کورت لە دەرەوەی گەڕەک. حەمەدی ئاگادار نەکردبۆوە کە یاسمینیش لەگەڵ خۆیدا دێنێ. پاڵی بە کالیسکەی

منالّەکەیەوە دەنا و سەیری دەوروبەری دەکرد بۆ ئەوەی بزانێ لەم ساتەوەختەدا دایکانی تریش لەگەڵ منالّەکانیان هاتوون بۆ گەڕان یان نا. یاسمینی هەندێک بەرز کردەوە تاکوو مراوییەکانی نێو کارێزەکەی پێ نیشان بدا: «سەیر کە، یاسمین، مراوییەکان بەرەو لای ئێمە دێن. ئۆ! لە بیرم چوو هەندێک ورکەنان لەگەڵ خۆم بێنم.»

کەندالّەکەی تێپەڕاند و ڕاستەوخۆ بە نێو دۆڵێکی بچووکدا ڕۆیشتە پێش کە دەیگەیاندە دارستان.

پیرەژنێک لە پشتەوەی هاواری کرد: «بیبینەوە!»

سەگێک بە غار بەلایدا تێپەڕی. پیرەژنەکە گوتی:

«ئێوارە باش، کچۆلّەکە سەرمای نییە؟

-نا، باش دامپۆشیوە. خێرا دەگەڕێینەوە منالّێ.»

سەگەکە وەڕی، پیاوێکی بەسالّاچوو بە خۆی و بە گۆچانەکەیەوە لەسەر ڕێگەیەکی هاتوچۆ بەدەر کەوت، بۆ ساتێک ئاوڕی دایەوە و هەمدیس وە ڕێ کەوتەوە.

دیسان گومان و دڕدۆنگی. چۆلەکەیەک بە جریوەجریو لە دارێکەوە بۆ دارێکی تر فڕی. دەتگوت دوودلّە، بە خۆی گوت هیوادارم حەمەد نەیە. لە چواردەوری خۆی دەڕوانی. نەخێر، بەختەوەرانە، حەمەد نایە. دەگەڕێمەوە. پالّی بە گالیسکەکەوە نا و گەڕایەوە.

لەناکاو، حەمەد لەبەر دەمی شین بوویەوە و گوتی:

-هەلەو.

-هەلەو.

-سەیرە! ئەمڕۆ تەنیا نی.

-نەخێر، بیرم لەوە کردەوە...

حەمەد بە شەوقەوە گوتی: «بێ وێنەیە.»

بەسەر کالیسکەکەدا چەمایەوە تاکوو یاسمین ببینێ. بە دەنگێکی سەیر کە دیار بوو کەوتۆتە ژێر کاریگەرییەوە، گوتی: «چەند خشپیلانەی، پێت خۆشە چەچەکەت ماچ بکەم؟»

یاسمین دەسبەجێ لە پرمەی گریانی دا. حەمەد گوتی: «نا، بە قوربانیشی بم، مەگری، ئازارت پێ ناگەیەنم.»

سەگەکە بە غاردان گەڕایەوە، بە چواردەوری حەمەددا سووڕایەوە و سەری بۆ نێو کالیسکەکە درێژ کرد. منالّەکە پتر گریا.

خاوەن سەگەکە دەنگی بەرز کردەوە: «سەرمایەتی... کچەکەتان سەرمایەتی خاتوون.»

پیرەپیاوە گۆچان بە دەستەکەش بە نۆرەی خۆی هەڵیدایە: «دەترسێ... منالّەکە دەترسێ. ئێستا بە چاوی خۆم بینیم، کە ئەو بەڕێزە بەسەر کالیسکەکەدا نووشتایەوە، دەستی بە گریان و قیژە قیژ کرد.

-دەگەڕێمەوە بۆ منالّێ. ئێلی وای گوت و بەدەم پالّ نان بە کالیسکەکەوە ملی ڕێگەی گەڕانەوەی گرت.

ئەوان هەرگیز سەبارەت بە یاسمین قسەیان نەکردبوو. بەڵام ئێلی پێی وایە کە حەمەد دەزانێ. هەست دەکا حەمەد بە شێوەیەک لە شێوەکان هەوڵ دەدا ببێتە مایەی ئاسوودەیی ئەو و سەرئێشەی بۆ دروست نەکا. حەمەد، ئەگەر ئەم بیەوێ، تەنانەت ئامادەیە پاشگەز بێتەوە، حازرە شار جێ بهێڵێ و لە شوێنێکی تر نیشتەجێ بێ و جارێکی تر هەرگیز چاوی بە ئێلی نەکەوێتەوە.

حەمەد دەیەوێ پابەندی بەڵێنەکانی بێ، لێ ئێلی نازانێ چی گەرەکە.

یۆهان تێگەیشت ئێلی لە دۆخی ئاسایی جاراندا نییە، بەڵام نەیتوانی پەی بەوە ببا چییەتی.

هەزاران خەیاڵی ئاڵۆز ختووکەی مێشکیان دا؛ جاران ئێلی قەت حەزی نەدەکرد تەنیا بێ، بەڵام ئێستا زۆربەی هەرە زۆری کاتەکان، تەک و تەنیا لە منالّێ دەمێنێتەوە. پێشتر جگەرەی نەدەکێشا، وەڵێ ئێستێ کە سەیری جانتاکەی دەکا، دەبینێ پاکەتە جگەرەیەکی تێدایە. ئەڵکۆڵی نەدەخواردەوە، کەچی هەنووکە کە پێکەوە شت دەکڕن، دەبینێ کە ئێلی بەرەو ڕەفەی خواردنەوەکان دەچێ و یەکسەر بەدووی شەرابە سوورە تایبەتییەکەیدا دەگەڕێ.

بە گشتی، گوێی لەو هەقایەتانە دەبێ کە ئێلی بۆ یاسمینیان

قادر عەبدوڵلا

دەگێڕێتەوە بەر لەوەی خەو ببیاتەوە. هەقایەتەکان سەرگورشتەی شازادەیەکی کچن کە لە نێو دارستاندا تووشی شازادەیەکی کوڕ دەبێ. شازادە کوڕەکە ئاشقی کچەیە، بەڵام ناتوانێ پێی بڵێ، چونکە ئەو بە زمانی شازادەی کچ قسە ناکا. خەڵکی شوێنێکی دوورە. بێگانەیە. یۆهان نازانێ ئەم بەسەرهاتە چۆن کۆتایی دێ. چیرۆکەکە کورتە. پاشان، ئێلی ئاواز دەچڕێ. ئێلی و ئاوازچڕین؟ یۆهان بڕوا بە گوێچکەکانی ناکا، لای لاییەکی نائاسایی کە بە دەنگێکی هێندە غەمبار دەیچڕێ، چاوەکانی پڕ دەکا لە ڕۆندک.

یۆهان نازانێ، تێناگا. ئاخۆ منااڵێک، سکپڕبوونێک، زانێک دەتوانێ تا ئەو ڕادەیە ژنێک بگۆڕێ؟

ئێلی پاش دیدارێکی تر لەگەڵ حەمەد، ئێوارەدرەنگان ڕۆیشت یاسمینی لە باغچەی منااڵن هێنایەوە. شەو داهاتبوو کە گەیشتەوە ماڵێ.

بۆ جارێکی تریش هەستی کرد تاوانبارە: «بمبووڕە ئازیزەکەم، دایکت ئەقڵی لەدەست داوە. پەژیوانم. هەر لێم تووڕەی؟ نا؟ پێ دەکەنی؟ باشە. وەرە! چەچەکانتم پێ بدە، فێری دارەدارەت دەکەم، ئەو لاقەت هەڵێنەوە، ئەوجا لاقەکەی ترت. دەبێ قاچەکانت پتەو بن. کێ چووزانێ، ڕەنگە ببیتە ژنێکی خەیاڵپەروەر و بتەوێ لە نێو دارستاندا لەگەڵ بێگانەیەک پیاسە بکەی. ئێستاش ئەو بۆنەت بۆ دێ؟ دەبینی چ بۆنێکی خۆشە؟ دایکت کەمێک سەرخۆشە، سەرکزیشە.»

ئێلی لە سەر عەرزەکە ڕاکشا؛ یاسمین بە زگە خشگە بەرەو لای هات و سەری خستە سەر قۆڵی ئێلی.

کە یۆهان هاتەوە ماڵێ، بینی دایک و کچ لە سەر عەرزەکە خەویان لێکەوتووە.

«بۆچی لێرە خەوتووی؟

-حەی، دەمویست فێری دارە دارەی بکەم، بەڵام شەکەت بووم، لەسەر عەرزەکە ڕاکشام و خەوم لێکەوت.

-خواردووتۆتەوە؟ بۆنی شەرابت لێ دێ.

-نا، بەڵام بەر لەوەی بە دووی یاسمیندا بچم، لەگەڵ ژنە ئاوااڵێکی هاوکارم چووینە قاوەخانەیەک و پەرداخێکمان خواردەوە.

-لەگەڵ هاوکارێک؟ کام هاوکار؟

-نایناسی، تازە بۆتە هاوکارم. چیرۆکێکی دوور و درێژە، ڕۆژێک هەموویت بۆ دەگێڕمەوە.»

یۆهان بێدەنگ بوو، بەڵام پێی وابوو ئێلی شتێکی لێ دەشارێتەوە.

شەممە شەوێک، لە کاتێکدا سەیری تەلەڤزیۆنیان دەکرد، فیلمێکی کۆن سەبارەت بە کووبا لە شاشەکەوە نیشان درا. ڕێپۆرتاژێکی ڕەش و سپی لەمەڕ ئەو جەنگاوەرانەی لە چیاکانەوە دژنە خوار بۆ ئەوەی شارێک بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیانەوە. لەپڕا، یۆهان پرسی: «شۆڕشگێڕەکەی تۆ چۆنە؟»

ئێلی ڕاچڵەکی: «باسی چ دەکەی؟

-باسی ئەو ڕۆمانەی ئێستا دەیخوێنییەوە، بەسەرهاتی شۆڕشگێڕەکە و ژنەکە.

-ئەها! مەبەستت لەو ڕۆمانەیە. تەواوم نەکرد.

-بۆچی؟ هەست دەکەم سەرنجڕاکێشە. کتێبەکەت پێیە؟

-نا، بردمەوە. یانی دامەوە بەو هاوڕێیەی کە لێم وەرگرتبوو.»

بێ باوەڕی لە چاوەکانی یۆهاندا شەپۆلیان دەدا. ئەگەر ئێستا یۆهان پرسیاری سەردێڕی کتێبەکە لێ کردبا یاخود ویستبای ناوی نووسەرەکەی بزانێ، چ وەڵامێکی داباوە؟ چی بکردایە ئەگەر یۆهان تۆڕە بوایە و گوتبای: «ئێلی، تۆ خوا پێم بڵێ چ ڕوو دەدا!»

ترس، سەراپای گیانی داگرت. بۆ ساتێک، هەستی بە شڵەژان کرد.

دڕدۆنگانە گوتی: «پێت دەڵێم یۆهان، من لەمبارەوە کەمێک درۆم لەگەڵ کردووی.

-درۆت لەگەڵ کردووم، چۆن؟

-مەبەستم ئەوەیە ڕۆمانێک یان چیرۆکێک لە گۆڕێ نییە. ئەوەی هەیە بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەیە. شۆڕشگێڕەکە هەیە، ژنەکەش هەروا.

-باسی چ دەکەی، مەبەستت چییە کە دەڵێی... ژنەکەش هەیە؟

-باسی ئەو ژنەی هاوکارم دەکەم، ئەوەی ئەو ڕۆژە پێکەوە چووین قاوە بخۆینەوە.

-دەی باشە، لەبەر چ هۆکارێک درۆت لەگەڵ کردووم؟

-هۆکارەکەی ئاسانە، نەمدەویست خیانەت لە نهێنییەکەی بکەم.»

ئەوسا، یۆهان بە سەرسوڕمانەوە پرسی: «دەی باشە بۆ دەگری؟

-ئەوە من نیم دەگریم، هاوڕێ ژنەکەمە دەگری.»

ئێلی هەستایە سەر پێ و یۆهانیش تێڕاماوانە، بۆ دواوە کشاوە.

بێدەنگییەکی قووڵ باڵی بەسەردا کێشان. کەمێک دواتر، یۆهان گازی کرد: «ئێلی؟ چیت لێهات؟»

لە سەر جێگەکەی هەستا بۆ ئەوەی بزانێ لە کوێیە. ئێلی لە مەتبەخ بوو.

«بۆچی بە تەنیا لێرەی؟ چیت بەسەر هاتووە، بۆچی قسە ناکەی؟ ئەمە ناتوانێ هەتا هەتایە بەردەوام بێ. ئێلی، ڕاستیم پێ بڵێ، ئاخۆ بە ڕاستی ئەمانە پەیوەندییان بە هاوکارەکەتەوە هەیە؟ بەسەرهاتێکی هێندە دڵتەزێنی هەیە؟»

دەیتوانی چ بەرسڤێکی بداتەوە؟ چۆنی بۆ شی بکردایەتەوە؟ پێی گوتبا لە نێو دوودڵی و گومانیدا دەژی و ئاشقی بێگانەیەک بووە. کە لە نێو دەریای خەیاڵەکانیدا بەردەوام کەشتییەک تێپەڕ دەبێ، کە دەشێ ڕۆژێک جانتاکەی بپێچێتەوە، دەستی یاسمین بگرێ و لە ماڵ بڕوا؟ نا، مەحاڵە زمانی وا بگەڕێ.

ئێلی هەرگیز هێندە هەستی بە بێ بەختی نەکردبوو. هێندە خۆی نەگبەت نەهاتبووە بەر چاو. یۆهان هەمیشە چاوی لە سەر ئەو بوو، یۆهان قەت لێی تووڕە نەبووە و ئێلیش، یاری لەگەڵ دەکرد، کارێک کە دڵی یۆهان دەشکێنێ، وای لێدەکا شەوانێکی زۆر بە گریان تێپەڕێنێ.

ئێلی سەری لە سەر شانی دانا و مەنگ و ئارام گریا.

قەدەرێک بێدەنگی بەسەر ژوورەکەدا زاڵ بوو، دەتگوت ئیتر هیچکامیان زات ناکەن تەنانەت وشەیەک بێننە سەر زمان. کەمێک

دواتر، یۆهان دڕی بە بێدەنگی دا: «ئێلی، بیرۆکەیەکم هەیە! هاوکارەکەت بانگهێشت بکە بێت و لەگەڵ ئەو پیاوەدا سەردانمان بکا.»

ئێلی چاوەڕوانی هەموو شتێک بوو، ئەو قسەیە نەبێ. سەری بەرز کردەوە.

یۆهان گوتی: «بۆچی ئاوا سەیرم دەکەی؟ پێت وایە بیرۆکەیەکی باش نییە؟ من بە ڕاستەمە، بگرە پێم وایە ئەوپەڕی چاکەم نواندووە.

-ئەوە شێت بووی یۆهان؟

-نەخێر، بۆچی دەبێ شێت بم؟ ئایا سەرنجڕاکێش نییە پێشوازی لە شۆڕشگێڕێک بکەی؟ داوا لە هاوکارەکەت بکە، بەمە دڵخۆش دەبێ.

-یۆهان، باش دەزانی دەڵێی چی؟ من سەرم بە کاروباری واوە ناهێشێنم. لەوەش پەژیوان بوومەتەوە کە لەمبارەوە قسەم بۆ کردووی.

-نهێنی هاوڕێکەت بۆ من سەرنجڕاکێش نییە، حەز دەکەم چاوم بەم شۆڕشگێڕە بکەوێ.»

ئێلی هەستی کرد کەوتۆتە تەڵەوە، چیتر نەیدەتوانی ڕەوتی گفتوگۆکە بشۆڕێنێ. بە خۆی گوت ئەگەر بەردەوام بێ، دەبێ ڕاستییەکانی پێ بڵێم، ئەمەش بەو واتایە دێ کە هەموو شتێک بڕووخێنم، ئەمەش یانی کۆتایی.

نا، دەبێ فزەی لێوە نەیەت. پێویستی بە تێپەڕبوونی کات هەبوو.

بە دوودڵییەوە گوتی: «گوێ بگرە یۆهان، هاوکارێک لە گۆڕێ نییە، کێشەکەم هۆکارێکی دیکەی هەیە. نازانم چیم بەسەر هاتووە. جارجارە هەست بە بێ بەختییەکی وەها دەکەم کە حەز ناکەم بۆ ساتێکیش بژیم. دەزانم ئازارت دەدەم، بەڵام هەموو شتێک وەک خۆی لێ دێتەوە. ببووڕە یۆهان، ببووڕە.»

یۆهان دەستی درێژ کرد و بە ئاستەم قۆڵی گرت.

ئێلی ڕوو لە هەر کوێ دەکا، بێ ئاکامە. ڕۆشناییەک بەدی ناکا.

تاسەی حەمەد دەکا. پێی وایە هەڵەیە بەو شێوەیە لە نێو ترس و دڵەڕاوکێدا بژی، لە کاتێکدا حەمەد هیچ شتێک بۆ ئەو ناکا. ڕاستە ئەو لە کن حەمەد هەرگیز سەبارەت بە کێشەکانی نادوێ، بەڵام بۆچی حەمەد خۆ لە هیچ شتێک هەڵناقوورتێنێ؟ بۆچی هیچ تەقەڵایەک نادا بۆ ئەوەی یارمەتی بدا؟

گەلۆ ئەویش دەترسێ؟

ئەویش وەک ئەم هەست بە داماوی دەکا؟

بەڵام حەمەد دەیتوانی چ شتێکی بۆ بکا، ئەگەر ئەو هەر بیەوێ خۆ لە شتێک ببوێرێ؟

ئێلی هیچ نازانێ، تەنیا ئەوەندە دەزانێ کە دەبێ ئەم لەیستۆکە بچووکە ببڕێتەوە. هەتا کەی دەبێ یۆهان لە نێو قەرەوێلەکەی و حەمەد لە نێو یادەکانیدا بن؟

دەبێ کۆتایی پێ بێنێ.

هەتا ساڵڤەگەڕی لەدایکبوونی یاسمین زیاتر نزیک دەبێتەوە، ئێلی پتر بێ ئۆقرە دەبێ.

ڕێک لەو سەروبەندەدا کە حەز دەکا بەردەوام تەنیا بێ، بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە مەحاڵە. چەند ڕۆژی دی، دایەگەورە دێت و دەیەوێ بزانێ چ دیاریەک پێشکەش بە یاسمین بکا، جگە لەمە، دەڵێی دایەگەورە ناڕازییە کە ئێلی ئاهەنگێکی گەورەتر بەم بۆنەوە ڕێک ناخا.

دایەگەورە جارێکی تر کە ئێلی هێشتا نەگەڕاوەتەوە ماڵێ، تەلەفۆن دەکا و لەگەڵ یۆهان قسە دەکا: «نامەوێ دەست لە ژیانی ئێوە وەربدەم یۆهان، بەڵام ئێلی چییەتی؟ وەزعتان باشە؟»

ئێلیش بەتاڵ و دڵغەڕۆیشتوو لە نێو ئەو ماڵەی یۆهان بە گوڵ و پزدان ڕازاندوویەتییەوە.

ڕۆژی لەدایکبوونی یاسمینە و، بەرە بەری ئێوارەیە، دواجار ئێلی بڕیار دەدا لەگەڵ یاسمین بچێتە دەرێ. تەلەفۆنەکە هەڵدەگرێ و زەنگ بۆ حەمەد لێ دەدا.

«سڵاو، منم.

-ئۆ! دوودڵ بووم، دەمگوت تەلەفۆن ناکەی.

-دەبێ چاوم پێت بکەوێ.

-ئێستا؟

-بەڵێ، ئێستا، تەنیا بۆ چەند ساتێک.»

کراسە جوانە ڕەنگ پاییزییەکەی لەبەر دەکا: «وەرە یاسمین، با بچینە دەرێ، دەبێ خێرا بگەڕێینەوە، داپیرە و باپیرە، ئێستا نا تاوێکی تر پەیدایان دەبێ.»

تا بەر دەرگا یارمەتی دەدا ڕێ بکا: «ئادەی هەندێک بڕۆ بزانم چۆن دەڕۆی. دەی!»

یاسمین چەند هەنگاوێک هەڵدێنێ و دەکەوێ. ئێلی دەڵێ: «باشە، بەسە.» یاسمین هەڵدەگرێتەوە و دەڕواتە دەرێ.

بە درێژایی بەنداوە کۆنەکە، بە ئاڕاستەی گوندا، تا ئەو قاوەخانەیە ئۆتۆمبێل دەئاژۆێ کە ڕاهاتوون تیایدا چاویان بە یەکتر بکەوێ.

لە ئاوێنەی تەنیشتی، یاسمین دەبینێ کە لەسەر کورسییە بچووکەکەی خەونووچکە بردوویەتییەوە و سەری بۆ لای شانی شۆڕ کردۆتەوە.

دەوروبەری بیست و یەک مانگ لەمەوپێش بوو، ڕێک لەم سەعاتەدا، ڕۆژێک ئەم ڕێگەیەی تەی دەکرد بۆ ئەوەی بچێتە گوند و ژیانی ڕووکەشی گۆڕدرا بە بوونێکی تەژی لە پێکەنین، ئەسرین، گومان و خولیا.

ئەگەرچی هێشتا بەو شێوەیە حەمەدی نەناسیبوو، ملی ڕێگەی گرتبوو بۆ ئەوەی قەرەوێلەکەی لەتەکیا دابەش بکا. چۆن توانیبووی لەگەڵ بێگانەیەک، لەگەڵ حەمەد ئەلسەعید ئەلئەشرەفی بخەوێ؟ سەرباری ئەوەش، خۆ ئەو کچێکی جحێڵ نەبوو بەڵکوو ژنێکی تەمەن سی و دوو ساڵ بوو. بۆچی ئەم کارەی کردبوو؟

لە نێو ئاوێنەکەی تەنیشتیدا بزەی هاتێ.

بۆی هەیە لە ژیانی هەر کەسێکدا، شتێکی تایبەت و تاقانە ڕوو بدا. بۆی هەیە ئەمە تەنیا جارێک بقەومێ، جارێک و هیچی تر. کێ چ دەزانێ، ڕەنگە دەبێ بەمجۆرە بێ. ئەو هەموو جەنگە بەرپا بوون

و بەرپا دەبن، ئەو هەموو ڕاپەڕینە لە دارستانە دوورەدەستەکان هەڵگیرساون بۆ ئەوەی شارەکان بگیرێن، ئەو هەموو شەوە تریفەدار یاخود بێ مانگە و ئەو هەموو کاکێشانانەی بەرەو شتێک یاخود هیچ ڕاخووشیون. چ گرنگییەکی هەیە ئێلی، تەنیا جارێک لەگەڵ حەمەد ئەلسەعید ئەلئەشڕەفی ناوێک جووت بووبێ!

لێرە و لەوێ، مانگاکان لە قەراغ ڕووبار دەلەوەڕێن. ئەسپێک تا بەربەستێک غار دەدا و نیوە دەورێک لێ دەداتەوە. لە دڵی خۆیدا دەڵێ ئەوە منم، منیش لە بەربەستێکەوە بۆ بەربەستێکی تر ڕادەکەم.

ئەو دەمەی دووگیان بوو، حەزی نەدەکرد ئیتر چاوی بە حەمەد ئەلئەشڕەفی بکەوێ. تەنانەت پێی نەگوتبوو چاوەڕوانی کۆڕپەیەکە. کتوپڕ هەموو پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەودا پچڕیبوو. بەڵام ئەوە چ چارەنووسێک بوو ویستبووی ڕێک لەو کاتەدا کە پێویستی بە هاوکاریی هەیە، حەمەد ئەلئەشڕەفی ئامادە بێ؟

چاوەڕێ بوو منالّی بێ. پاش نیوەڕۆیەک، ڕۆیشت تاکوو بە ئاڕاستەی لێرەواردا پیاسەیەک بکا. لەناکاو، لە نێو زگیدا هەستی بە ژانێکی بێئامان کرد. پێی وابوو ساتەوەختەکە نزیک بۆتەوە، پاڵی بە داریکەوە دا، چاوەکانی لێک نان و هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا. کە پێلووەکانی هەڵێنان، ئەلئەشڕەفی لە بەردەمی ڕاوەستابوو.

ئەلئەشڕەفی بە پەرۆشەوە گوتی: «چ بووە؟ ئەوە منالّت دەبێ؟»

تەوێڵی ئێلی شەڵاڵی ئارەق ببوو. ژانەکەی ڕەویبۆوە.

«باشتر بووی؟»

ئێلی سەری بەرز کردەوە و چاوی لە چاوەکانی حەمەد بڕی: ئاخۆ دەزانێ هەرتم و لە هەموو شوێنێ بیر لەو دەکەمەوە؟ دەزانێ شەو نییە خەونی پێوە نەبینم؟

یاسمین لەدایک بوو. یۆهان هەستی دەکرد بەختەوەرترین باوکی دونیایە و ئێلی هیوادار بوو هێدی هێدی حەمەد فەرامۆش بکا و بتوانێ ژیانێکی ئاسایی بژی. بەڵام هیچی پێ نەکرا، لە دەستی نەهات خۆی لە چنگ خەون و خەیاڵەکانی ڕزگار بکا.

ئێلی، ئۆتۆمبێلەکەی لەبەردەم قاوەخانە ڕادەگرێ. حەمەد هێشتا نەهاتووە و یاسمین هەروا خەوتووە.

لە پەنجەرەوە سەیری ڕووبارەکە و ئەو کەشتییە دەکا کە حەمەد ئەلئەشڕەفی تا کەنار دێنێ. نایەوێ چیتر بە دزی چاوی پێی بکەوێ، چیتر لە نێو سێبەردا هی وی بێ. ئەمجارە دەبێ دواییین جار بێ. کەشتییەکە، قاوەخانە، ڕووبارەکە و مەلە دەریاییەکان لەمەوبەدوا بەشێک دەبن لە ڕابردوو. مالّئاوا قاوەخانە، مالّئاوا کەشتی.

«هۆ، یاسمین، هەستە! سەیر کە، حەمەد ئەلئەشڕەفی هات.»

گەمییەک تێدەپەڕێ، مەلە دەریاییەکان ڕووبارەکە جێ دێڵن و کەشتییەکە وە جموجوڵ دەکەوێ. حەمەد ئەلسەعید ئەلئەشڕەفی، کۆنە شۆڕشگێڕ، لە سەر کەشتییەکەیە، قاتێکی نوێی لەبەر دایە، ئێستا تفەنگی پێ نییە، بەڵام چەپکەگوڵێکی بە دەستەوەیە.

قادر عەبدوڵڵا

هەڵۆیەکە

چیرۆک

لە هۆڵەندییەوە: شەفیقی حاجی خدر

هەندێک جار لە چیاکانی وڵاتەکەمدا ڕێدەکەی بەسەر گۆرێکدا دەکەوی. گۆڕغەیبێک، کەس نازانێ کێ لەوێی بە خاکسپاردووە. لە زستاناندا هیچ گۆڕ و شتی وا نابینی. لە بەهارانیش کاتێک، بەفرەکە دەتاوێتەوە، گۆڕەکان وردە وردە دەردەکەون، بەڵام هەر زووش بە گوڵە کێویلکەکان دادەپۆشرێن. ئەوەش وەک ئەوەیە، سروشت بترسێ لەوەی گۆڕەکان دەربکەون.

کاتێکیش شاخەوانێک لە دوورڕا گۆڕێکی وەها ببینێ، ئەوا دەست بە گۆرانی دەکا، گۆرانییێک لە دژی دکتاتۆر دەچڕێ.

شاخەوانەکان بە گۆرانییەوە بەرەو گۆڕەکە دەڕۆن. لەوێ لە پاڵ گۆڕەکەدا کۆڵەپشتیان دادەنێن و لێیدادەنیشن، پشوویێک دەدەن و نانی خۆیان دەخۆن.

هەر ئەوان بەرماوەکەیان بۆ باڵندەکان، بۆ هەڵۆکان کە بە بەرزایی شاخەکانەوە دەفڕن، جێدەهێڵن. مەلەکانیش بەسەر گۆڕەکەدا دەفڕن، چاوەڕێی دەکەن ئاخۆ کەی شاخەوانەکان ئەوێ جێدەهێڵن. کاتێکیش دەڕۆن، هەڵۆکان بەکۆمەڵ دادەڕژێنە سەر پاشماوەی خواردنەکە.

ڕاستیەکەی ئەوەیە، هەڵۆکان وەک جۆرە ڕێنیشادەرێک وان. ئەوان بەسەر سەری شاخەوانەکاندا دەفڕن، گۆڕغەریبەکانیان نیشان دەدەن. کاتێک لەسەر دوندی بەرزترین شاخی زێدەکەم تەماشای خوارەوە دەکەی، دەبینی هەڵۆکان پۆل پۆل بەرە خوار شۆڕ دەبنەوە.

بە بێ دووربین تەنیا زنجیرە چیای بۆرە بەدی دەکەی، بەڵام بە دووربین دەبینی لێرەو لەوێ هەندێ گوند لەدامێنی چیاکە قیت بوونەتەوە. لە زستاندا لەبەر بەفری ئەستوور، لادێ بچووکەکان هەروەک گۆڕێک دیارن و بەهارانیش بە گوڵە کێییەکان دادەپۆشرێن. باوکم لە یەکێ لەو گوندانە لەدایک بووە و برایەکەشم لە شاخەکان نێژراوە.

***

من نەمدەزانی ئەوان براکەی منیان کوشتووە. ئەوکات لە پایەتەخت دەژیام و ئەویش لەو سارەی لێی لەدایکببوین لە زینداندا دەڕزایەوە. ئەو نەیارێکی ڕژێم بوو.

«دەی زوو وەرەوە!» ئەمە قسەی باوکم بوو، ئەوێ ڕۆژێ کاتێ زەنگی بۆ لێدام. ئەو کاتەی ئەو تەلەفۆنی بۆ کردم، سەعات یەکی دوای نیوەڕۆ بوو. پەیامەکەی ئاگادارکردنەوە بوو. خۆم باوکی خۆم دەناسی. «دەی خێرا وەرەوە!» واتای گوللە و مردنی دەگەیاند.

منیش خێرا بەرەو شارەکەم، ئەو شارەی لێیلەدایک ببووم گەڕامەوە. یەک چارەکی دەویست بۆ سەعات پێنجی ئێوارە گەیشتمەوە شارەکە، بەڵام نەوێرام یەکسەر خۆم بە ماڵی باوانمدا بکەم، چونکە هێشتا هەر ڕۆناک بوو، بووولیڵی ئەنگۆرە دانەهاتبوو. دەبوایە کەمێ بوەستم، تا تاریکی دادێ.

سێ خولەکی دەویست بۆ سەعات پێنج، تڕومبێلەکەم لەوێ لەشوێنێک لە گەڕەکە ڕاگرت، پاشان بە وریاییەوە بەرەو ماڵ بوومەوە.

لە پەنجەرەوەڕا باوکم منی بینی. بەر لەوەی لە دەرکەی ماڵ بچمە ژوور، هاتە دەر.

هەروەک دابی ئاساییانەی خۆی بە کورتی بەخێرهاتنی کردم. وەک ئەوە وابوو، هەر زەنگیشی بۆ لێنەدابم و منیش ئەو ٤٥٠ کیلۆمەترەم نەبڕیبێ. من دەمناسی. ئەو هیچ هەست و سۆزێکی دەرنەدەدا.

ئینجا سەیرێکی کردم، لەژێر ئەو تروسکاییە ڕووناکییەی لە درزی دەرکەکە دەهاتەدەر، چاوەکانیم خوێندەوە و ترسام. ئیدی چیرۆکەکەم زانی: تەرمێک، باوکێک و گۆڕێک.

باوکم تەرمی براکەمی لە زیندان هێنابووەوە، بەڵام بۆی نەبوو بە شێوەیەکی فەرمی لە گۆڕستان بینێژێ، گوایە گڵاو بوو.

ئێمە دەبووایە بە دزییەوە، بە بێدەنگی لە شوێنێک بنگڵی بکەین.

دایکیشم لە پەنا پەنجەرەکە وەستا بوو، لە من ڕامابوو. جلێکی ڕەشی پۆشیبوو. بە گوێرەی دابونەریتمان دەبوایە ئێستا ئەو گریابا، لە خۆی دابا، پرچی خۆی بڕنیبایەوە، شینی گێڕابا. ئەنجا دەبوایە بەرەو ڕووی غار بدەم، دەستەکانی توند بگرم، لێنگەڕێم چیدی لە خۆی بدا، لە باوەشی یەکدی تێر تێر بگریابایـن.



بـەلام خـۆ ئـەوە هەمـووی هـەر قەدەغـە بـوو. ئێمـە دەبوایـە ماتەمبارییـمان پێـوە دیـار نەبووایـە چ جـای شـین و شـەپۆر. نەدەبـوا هیـچ کەسـێک بیزانیابیـە، براکـەم لـە زیندانـدا کـوژراوە.

***

هـەر لـەوێ، تڕومبێلێکـی نامـۆ، ڤانێـک کـە بەکرێگیرابـوو، ڕاگیـرا بـوو. کاتێـک ڤانەکـەم بینـی، دەسـتبەجێ گومانـم بـۆ ئـەوە چـوو کێـی تێـدا دانـدراوە، بـەڵام نەشمدەویسـت بـڕوا بـە خـۆم بکـەم.

«دەی بابڕۆیـن!» باوکـم وەهـای پێوگتـم و سـوێچی تڕومبێلەکەشـی دایەدەسـتم.

سـوێچی ڤانێکـم لـە دەسـت بـوو. ئەمـەش ڕاسـتی بـوو، بـەڵام خـۆ مـن دەمویسـت بەچـاوی خـۆم ببینـم، ئەوسـا بـڕوا بکـەم.

بۆیـە بـەرەو ڤانەکـە ڕۆیشـتم و دەرکـەی پشـتەوەم کـردەوە، لـەوێ تەرمەکـە لـە نێـو کفنێکـی سـپی سـپیدا بـوو. ئـەو دەمێـک بـوو سـارد ببـووەوە. درێـژ کرابـوو، دەسـتەکانی لەسـەر ڕانەکانـی و لەسـەر لا دادنرابـوو. شـوێنەکەی تەنـگ بـوو، هـی ئـەوە نەبـوو بـە تـەواوی بـە ڕاشـکاوی ببینـم. ئـەوان لەنێـو ڤانەکـە پەسـتابوویان.

منیـش گڵۆپـی ڤانەکـەم هەڵکـرد. سـەری لەنێـو کفەنەکـەوە دیـار بـوو. بەڵـێ خـۆی بـوو، برایەکـەم بـوو، گوللەیەکـی لـە لاسـەری چەپـەی درابـوو. هێسـتا دایکـم لـە لەپـاڵ پەنجەرەکـە وەسـتابوو. لـە پشـت جامـی پەنجەرەکـە وەهـا دیاربـوو، دەتگـوت وێنەیەکـی ڕەشوسـپی دایکێکـی کۆچکـردووە.

***

باوکم گوتی: «ئێمە دەبێ پەلە بکەین، بڕۆین.»

ئیـدی دەرکـەی پشـتەوەم داخسـت و لـە جێـی شـوفێرەکە سـوار بـووم و سـوێچم تێبـادا.

«بۆ کوێ بڕۆین؟»

«ئـەو ئاراسـتەیە بگـرە!» بـە پەنجـەش ئامـاژەی بـۆ لای باکـوور، بـۆ نێـو شـاخەکان کـرد.

هەر بە ڕاستی شتێکی نەکردە بوو، تۆ وەرە پیاو لە کاتێکدا تەرمی کوڕەکەت لە پشت ڤانەکە داندرابێ، ئەوەندە سارد و دانبەخۆداگربی. ڕاستیەکەی ئەوکات نەمدەزانی چی لە بن سەردایە، نەخشەی چییە.

ئەوەم دەزانی، باوکم لەو کەسانە نەبوو، هەروا لە لەگۆترەوە بەرەو شوێنێکی دوورەدەستی نێو کێوەکان بڕوا، تا جێ گۆڕێک دەدۆزێتەوە. حەزم دەکرد سەیری نێو چاوانی بکەم، بەڵام زاتم نەکرد. دەمویست سەبارەت بەو ژانوناسۆرە هاوبەشە قسەی لەگەڵدا بکەم، بەڵام خۆ ئەو، ئەو کەسە نەبوو قسەی وەهای لەگەڵدا بکرێ.

ئیدی بە بێدەنگی تڕومبێلەکەم بەرەو لای باکووری شارەکە لێخوڕی.

***

باوکم هەمیشە وابوو، بۆ من کتێبێکی داخراو بوو، نەمدەتوانی لەوە زیاتر تێپەیێنم.

لە هزرو داڵغەدا هەمیشە لەبەرچاوم بوو، بەتایبەتیش لەو کاتانەی لەسەر مافووری ئێرانی دادەنیشت و سەری بەسەر کتێبە پیرۆزەکەدا دادەگرت.

تا ئەوکات، بۆ 113ەهەمین جار کتێبەکەی خوێندبووەوە؛ بە دڵنیاییشەوە دوای مەرگی براکەشم، زیاتر و زیاتری خوێندۆتەوە. ئەو ئاوەها بوو، منیش وەک کوڕە نۆبەرەکەی، نەمدەوێرا لێیبپرسم: ئەرێ باوکە، بۆچی دەست ناگەیەنییە کتێبێکی دیکە و بیخوێنیتەوە؟ ئەو هەمیشە هەوڵی دەدا چارەسەر بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە، کاتێکیش تێێدا سەرنەدەکەوت، پەنای بۆ کتێبە پیرۆزەکە دەبرد. منیش لە دڵی خۆمدا دەمگوت، تۆ بڵێی ئەو هەموو دڵنیاییەی خۆی لەکوێ هێنابێ.

***

«ئەرێ نەخشەیەکت هەیە؟ بەرەو کوێ لێیبخوڕین؟»

ئەویش گوتی: «دەچینە «مەرزیجاران»؟»

ئەرێ خۆ ئەوە شتێکی نەکردە بوو. ئاخر دانیشتوانی گوندەکە دینداری توندڕەو بوون و بە دڵنیاییەوە پاڵپشتی دیکتاتۆر بوون. خۆ نەدەکرا لەوێ داوای جێ گۆڕێکیان لێبکەین.

ئەو هیچی نەگوت، بەڵام بۆ من هەنووکە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە ئەو لە ماڵ هانای بۆ «کتێبەکە» بردبوو.

منیش دەمزانی مشتومڕ لەگەڵیدا بێسوود بوو، بۆیە بەرەو ئەوێ لێمخوڕی.

***

ڕیگاگە بە چینە بەفرێکی ئەستوور داپۆشرابوو. بەدەر لە شوێن تایەی پاسی گوندەگە نەبێ، هیچی دیکەت لەپێش خۆتدا بەدی نەدەکرد. منیش بە نقوومبوون لە نێو هزر و خەیاڵی خۆم تڕومبێلەکەم لێدەخوڕێ. هەوڵمدا دوا جار کە براکەمم بینی، بەبیر خۆمی بهێنمەوە، بەڵام بۆم نەهات. پێدەچوو لەگەڵ مردنی، هەموو یادەورییەکانیشی سڕاببنەوە. لە بری ئەو یادەوەییانە، تراویلکەیەکم لە ئاوێنەکانی پیشەوەی تڕومبێلەکە هاتە پێش چاو: جووتێ کەس بوون براکەمیان بەرەو ژووری تیربارانکردنەکە دەبرد. ئەویش سەری خۆی بەرز ڕاگرتبوو و هیچیش هاواری نەدەکرد. من گوێم لە دەنگی ئەو نەبوو، بەڵام بینیم دەمی دەجووڵا. پێدەچو کۆپلە فیلمێکی کەڕوڵاڵانەی کۆنینە بێ. سێ جران تەقە کرا. سەرنجم دا جەستەی هەژا، پەشۆکا. لە کۆتاییدا گوللەیەک بە لاچەپەی سەری کەوت. هەورک مەلێکی مردوو سەری بەسەر ملییدا شۆڕبووەوە.

لە ئاوێنەکەوە من سەیری ئەوم دەکرد. ئەویش لەوێ لە پشتەوەی تڕومبێلەکە جەستەیەکی ساردوسڕ کەوتبوو. ئەرێ تۆ بڵێێ ڕەنگی چاوەکانی چی بووبن؟

شین؟ گەنمڕەنگی؟ یان شینێکی زەردباو؟

هەنووکە ئەو لەوێ کەوتوە دەستی لەسەر ڕانەکانی داندراون. ناتوانم چیدیکە کتێبی بدەمێ.

ئەرێ دوایین کتێب کەدامێ بیخوێنێتەوە، چیبوو؟

***

خەریکبوو دەگەیشتینە ئاواییەکە. دیوی دەرەوەی خانووەکانم

لێدیاربـوون. هیـچ چرایـەک دانەدەگیرسـا، وەک ئـەوە وابـوو، ئادەمیـزاد چـرای هـەر نەناسـیبێ. کاتێکیـش نزیکـتر کەوتینـەوە، تاکـە ئامـاژەی ژیـان، دوکەڵـی لوولـەی سـۆپای گەرماوەکـەم بـوو.

لـە گوندێکـی وەک ئـەو گونـدە هەمیشـە مـرۆ چاوەڕێـی دەکـرد یەکێـک بێـت، یـان یەکێـک بـڕوا، تـا منداڵێـک لـە دایـک دەبـێ، یاخـود کەسـێک دەمـرێ. ئـەو گونـدە چاولەخـەوە هەمیشـە چاوەڕێـی ڕووداوێکـی دەکـرد تـا بکەوێتـە جووڵـە.

ئێمـە چووینـە نێـو گوندەکـە، پێویسـتیش نەبـوو هیـچ بڵێیـن، تڕومبێلێـک لـەو تاریکاییـەدا، هـەر بەخـۆی خـۆی ڕووندەکـردەوە.

ئاخـر کـێ بـەو زسـتانە دەچیتـە نێـو شـاخان؟ ئـەوە خـۆ کەسـێک نییـە بـەدەر لـە نەیارێـک، لـە بەرهەڵسـتکارێک، یەکێـک کـە هەڵاتبـێ یـان مردوویێـک کـە لەپشـت تڕومبێلێـک داندرابـێ.

دەقـاودەق ئێمـە ئـەو شـتەمان پێبـوو، کـە شـەوانی درێـژی زسـتان پێویسـتیان پێبـوو: ئەویـش تەرمێکـی بـە گوللـە بڕـژراو.

لەپـڕ گوێـم لـە وەڕینێـک بـوو، دەمودەسـت لایتـی تڕومبێلەکـەم کوژاندنـەوە، بـەڵام خـۆ ئەمـە دادی نـەدا. سـەگەکان بۆنـی مردوویـان کرد. خێـرا بەنـاو بەفرەکـەدا بـۆ ئێمـە هاتـن. ئینجـا پیاوگەلیشـم بینیـن. سـێ پیـاوم بینیـن جلـی ئەسـتووریان لەبـەر بـوو، هـەر یەکەشـیان تێڵایەکـی پێبـوو.

«ئەڵا!» ئەمە بانگی باوکم بوو.

سـەگەکان بـە ڕێـگاوە بڵاوبوونـەوە و هـەر دەوەڕیـن. پیاوەکانیـش لـە تڕومبێلەکەمـان نزیـک بوونـەوە.

باوکـم پێـی گوتم»لـە شـوێنی خـۆت دانیشـە» و خۆیشـی لـە تڕومبێلەکـە دابـەزی.

ئـەو بـەرەو ڕووی پیـاوەکان ڕۆیشـت، وێسـتی قسـەیان لەگەڵـدا بـکا، بەڵکـو وێسـتبێتی لەگـەڵ مـەلای گوندەکـە قسـە بکـە، چونکـە بـرادەری بـوو. ئـەو دەسـتی تۆقـەی بـۆ ئـەوان درێـژ کـرد، بـەڵام پیـاوەکان باوکمیـان پشتگوێخسـت و تادەهـات لـە تڕوومبێلەکـە نزیکـتر دەبوونـەوە.

ئـەوان بـە چاوێکـی دوژمنانـە سـەیرێکی منیـان کـرد و لـە تڕومبێلەکـە وەرسـووڕانەوە. وێسـتیان دەرکـەی پشـتەوەی تڕومبێلەکـە بکەنـەوە. باوکیشـم غاریـدا لایـان. سـەگەکانیش بـە تونـدی دەوەڕێـن. منیـش هاتمەخـوار. باوکـم پیاوەکانـی پاڵنـا و پشـتی بـە دەرکـەی پشـتەوەی تڕومبێلەکـەوە نـا. یەکـێ لـە پیـاوەکان سەردەسـتەی باوکمـی تونـد گـرت و ڕایکێشـا و لـە دەرکەکـەی دوورخسـتەوە. ئەوانـی دیکـەش دەرکەکەیـان کـردەوە. یەکـێ لـە سـەگەکان بازێکـی هەڵدایـە نێـو تڕومبێلەکـە. منیـش دەسـتبەجێ دەسـتم دایـە جـەگ، کـە لـە پشـتی تڕومبێلەکـە بـوو، تـا هێـزم تێـدا بـوو بـە پشـتی کسـۆکەکەم دادا. سـەگەکە نـووزەی لێوەهـات و لـەوێ دوور کەوتـەوە. مـن حەوسـەڵەم لـە دەسـتدا، پاڵـم بەپیاوەکانـەوە نـا، بـە خـۆم و دەسـکی جەگەکـە بەرگریـم لـە تەرمەکـە کـرد.

لـە هیکـەوە هەرسـێ پیـاوەکان پەلاماریانـدام. بـە هەرسـێکیان لێیانـدام. باوکیشـم هـەر هـاواری دەکـرد «ئەڵا» و هەوڵـی دەدا پـاڵ بـە پیـاوەکان ببنـێ و لـە کـۆڵ منیـان بکاتـەوە، بـەڵام دادی نـەدا. ئـەوان بـە تونـدی سەردەسـتەی ئەویـان گـرت و دووریـان خسـتەوە.

گوێـم لێبـوو خەڵـک زیاتـر هـات. ئـەوان منیـان لـە دەسـتی پیـاوەژکان دەرهێنـا و پیاوەکانیـان بـۆ پشـتەوە پاڵنـا. بـە گرژییـەوە تەماشـای دەوروبـەری خـۆم کـرد. خـۆ هەمـوو گونـدەکـە لـەوێ بـوو.

ئـەوان بازنەیەکیـان لـە دەوری ئێمـەدا دروسـت کـرد و بـە بێدەنگـی تەماشـایان دەکردیـن. لـە پڕێکـەوە باوکـم دڕی بـە بێدەنگییەکـە دا. دەسـتی بـۆ درێژکـردن و هـاواری بـۆ کـردن: «مـن داوای گۆڕێکتـان لێدەکـەم... تەرمـی کوڕەکـەم لـە پشـتی ئـەو تڕومبێلـە دانـاوە.»

هیـچ کاردانـەوەک پەیـدا نەبـوو، هیـچ وەڵامێـک نەبـوو. وەک ئـەوەی ئـەوان بـەرد بـن، ئادەمیـزادی بـە بەردبـوو، کـە بەوپـەڕی حەپەسـاوییەوە سـەیریان دەکردیـن.

پیاوەکان زیاتر هاتنە پێشەوە.

یەکێـک لـە پیـاوەکان پێێگوتیـن: «هـۆ گوناحکارینـە بـڕۆن لێـرە! لێـرە گـۆڕ نییە!»

-«ئاخر من داواتان لێدەکەم...»»پێمگوتی بڕۆ لێرە!، پیاوەکە بە زبرییەوە وای بە باوکم گوتەوە هەندێکی دیکەشی لێهاتە پێش.

منیش دەستم دایەوە جەگەکە. باوکیشم جەگەکەی لە دەست دەرهێنام و گوتی: «دەی با بڕۆین!»

منیش گەڕامەوە نێو تڕومبێلەکە. چاویشم فرمێسکی دەباراندن، بەڵام خۆ نەدەکرا لەبەر باوکم بگرییم.

زۆر جاران هەمان خەون دەبینم: هەست دەکەم دەبێ بگرییم، بەڵام باوکم لەوێیە. خۆم دەگرم، ئینجا لەپڕ دەتەقمەوە و لە پڕمەی گریان دەدەم.

***

کاتێکیش تەواو لە گوندەکە دوورکەوتینەوە، ئاوڕێکم لە باوکم دایەوە. هێدمە گرتمی. ئەو، ئەو پیاوەی جاران نەمابوو، پیاوێکی تێکشکا و لە پاڵم دانیشتبوو. من لە شێوەی دانیشتنەکەی زانیم. ئاخر ئەو هانای بۆ کتێبەکە بردبوو، بەڵام هیچ کاری نەکردبوو. ئەو وەک مەلێکی پیر دەچوو، کە چیدی نەدەوێرا باڵبگرێ و بفڕێ.

منیش خۆم پێڕانەگیرا.

ئەوسا بێئامانج بەنێو شاخەکاندا لێمخوڕی و هەر لێمخوڕی تا ئەوکاتەی ئەو بەسەر خۆیدا زاڵبووەوە. ئینجا هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشا و گوتی: «ئەڵڵا دەیەوێ تاقیم بکاتەوە.»

ئەو چووبووە نێو قوواڵیی هزرەکانی، دەستی بۆ کتێبە پیرۆزەکەی نێو گیرفانی برد دەستی بە خوێندنەوە کرد، ڕاوێژی پێکرد هانای بۆ برد. کاتەکە تاریک بوو، بۆ خوێندنەوە دەستی نەدا، ئاخر هیچی نەدەبینی. بەڵام خۆ ڕۆناکیشی پێویست نەبوو. ئەو کتێبەکەی لەبەر بوو. ئەو وەک نابینایەک خوێندییەوە، دەستی گەیاندە لاپەڕەکە و زانی لە کوێیە.

***

یەک دوو خولەکی خایاند تا بەخۆی هاتەوە، ئینجا بە خۆجڵەوکردنەوە گوتی: «دەی بابەرەو «ساروغ» بڕۆین.» ئینجا کتێبەکەی خستەوە باخەڵی.

مـن لەگـەڵ ڕایەکەیـەدا نەبـووم. هیـچ جیاوازیـم لـە نێـوان «سـاروغ» و ئـەو گونـدە نەدەبینـی کـە لێـی هەڵهاتیـن. ئێمـە دەمانتوانـی بـەرەو سـەد گونـدی جیـاواز بڕۆیـن، بـەڵا خـۆ هێشـتا هیچـی لـە مەسـەلەکە نەدەگـۆڕی. ئەویـش نەیدەویسـت بـە بێدەنگـی بـە خاکـی بسـپێڕێ، ئـەو بـەدوای گۆڕێکـی نـاسراودا دەگـەڕا، ئەمـەش ئەسـتەم بـوو. خـۆی دەبوایـە ئەمـەی پەسـەند بکردبایـە. دەبـوا بـە یەکـەوە قسـەمان کردبـا، چارەسـەرێکمان بدۆزیبایـەوە، لـێ گەلـۆ ئـەو واپێدەچـوو، دەرکـی پێنـەکا. گۆڕسـتانەکەی «سـاروغ» دوو کیلۆمەتـر لـە دووری گونـدەکـە هەڵکەوتبوو. شـۆێنێکی ڕووتەنـی بەسـتوو بوو.

لـەوێ باوکـم پێـی گوتـم: «تـۆ لێـرە بوەسـتە، مـن بـە خـۆم دەچمـە نێـو گونـدەکـە.»

من لە شوێنی خۆم مامەوە ئەو ڕۆیشت.

مانـگ بـە دەرەوە بـوو، بـەڵام هیـچ دڵـم پێیخـۆش نەبـوو. لـە گـژ هـزران ڕاچووبـووم. وام بینـی باوکـم لەسـەر هـەق بـوو. ئێسـتا تێگەیشـتم، بۆچـی بـە بـێ گوێدانـە هیـچ مەترسـییێک، بـە دوای گۆڕێکـی ناسراو(فەرمیـی) دا دەگـەڕێ.

شـەرمم لەخـۆم کـردەوە، کـە پێشـتر پەییـم پێنەبردبـوو. بەڵـێ ئـەو ڕاسـت بـوو. خـۆ ئێمـە هیچـی هەڵەمـان نەکردبـوو. مـن دەسـتم دایـەوە دەسـکی جەگەکـە و بیـرم بـۆ ئـەوە چـوو، هـەر بینـا پیـاو و سـەگەل پەیدابوونـەوە. ئەمجارەیـان ڕێگەنـادەم هیـچ کەسـێک لـە تەرمەکـە نزیـک ببێتـەوە. دەبـێ بـە هـەر نرخێـک بـێ پارێـزگاری لێبکـەم. خـۆ براکـەم ئەرکەکـەی خـۆی بەجێهێنـا. هەنووکـە نـۆرەی منـە. مـن دەبـێ بـە جوانـی بـە خاکـی بسـپێرم. دواتـر منداڵەکانمـان لێـمان دەپرسـن، ئاخـۆ چیـمان لـە دژی دیکتاتـۆردا کـردووە، ئینجـا دەتوانیـن گۆڕەکانیـان نیشـان بدەیـن و چیرۆکـی ناشتنیشـیان بـۆ بگێڕینـەوە.

ئێسـتا هەسـت دەکـەم پڵنگێکـم بـە سـەختی زامـدار بووبـێ، پڵنگێـک گوللـەی لـە مـل درابـێ. خـۆ هـەر دەشـبێ بـە دان و چڕنـوک، دەیـان پیـاو پارچەپارچـە بکـەم. چاوەڕیـی پیاوەکانـم کـرد. مـن چـاوەڕوان بـووم.

گوێـم لـە دەنگـی خەڵـک بـوو. ئـەوان پێنـج پیـاوی لایـەت بـە دەسـت بـوون. لـە تووڕەییـان دەلەزریـم، بـەڵام خـۆ ئـەوان پیـاوی بـە تەمـەن بـوون و باوکیشـم لەنێویانـدا بـوو. ئـەوان هیـچ سـەگیان پێنەبـوو. لێتێگەیشـتم. ئێمـە ناتوانیـن لێـرەش بینێژیـن. لـە شـێوەی ڕۆیشـتنەکەیانەوە زانیـم. ئـەوان دۆسـتی باوکـم بـوون. ئـەوان تـا دەرەوەی گونـدەکـە یاوەرییـان کـرد. ئـەوەش تاکـە شـت بـوو لـە دەسـتیان هـات. بـەم جـۆرە ویسـتیان هاوخەمـی خۆیـان بـۆ دەربـڕن. ئـەوان سـیخوڕەکانی دیکتاتۆریـان دەناسـی، دەیانزانـی چـی دەقەومـێ ئەگـەر هاتـو باوکـم بـە تەنیـا بگەڕێتـەوە. ئەوانیـش وەک ئـەو دینـدار بـوون. لەوانەیـە وایـان بیرکردبێتـەوە بەڵکـو لـەو ڕێگەیـەدا شـتێکی دیکەیـان بـە مێشـکدا بـێ، بیرێکـی دیکـەی لێدەکەنـەوە. ئـەوان بـەرەو ڕووی مـن هاتـن، ویسـتیان سـڵاوم لێبکـەن، هاوخەمـی خۆیـان دەربـڕن، بـەڵام مـن ئـەوەم پـێ قبـووڵ نەکـرا، دەرکـەی لای شـوفێرم کـردەوە و چوومـە پشـت سـوکانەکە و دەرکـەم لەسـەرخۆم پێوەدایـەوە. باوکـم خواحافیـزی لێکـردن و سـوار بـووەوە. منیـش ڕووی تڕومبێلەکـەم وەرسـوورانـدەوە و هاژۆتـم.

خەریکبوو دەربچین، یەکێک بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد.

باوکم گوتی: «ئەوە.. بەڵام!»

منیـش تڕومبێلەکـەم ڕاگـرت. ئـەو دەسـکی جامـی لای خـۆی بایـدا و کردییـەوە. یەکێـک لـە پیـاوەکان بـە هەناسـەبڕکێوە غاریـدا، سـەری خـۆی بەڕدێنـە ماشـوبرنجییەکەوە لـە جامـی دەرکـەی لای سـەکنەوە هێنایـەژوور و گوتـی:

«ئێـوە... پێویسـتە... بچنـە لای «ڕەحمانەلـی»...» بـە هەناسـەبڕکێوە قسـەکەی خـۆی وا تەواوکـرد: ««ڕەحمانەلـی» تاکەکەسـە یارمەتیتـان بـدا.» باوکیشـم وەک نیشـانەیەک، کـە پیاوەکـە ڕاسـت دەکا، یـەک دوو جـار لەسـەر یـەک سـەری بـۆ لەقانـد.

ئینجا پیاوەکە سەرێکی منیشی کرد.

«گەنجـۆ، خـوا لێیخـۆش بـێ! هێـور بـەوە! تـۆ دەبـێ وای دابنێـێ کـە « قـەدەری خـوا» هـەر دەبـێ ڕووبـدا.»

منیش سەیری چاوە پیرکانیم کرد بە هێواشی سەری خۆم نەوی کرد.
ئینجا باوکم گوتی: «بەڕەوو «جیریا» باژۆ! دەچین بەدوای «ڕەحمانەلی»یدا دەگەڕێن.» منیش بەڕەو «جیریا»، بەڕەو زێدی بابم لێمخوڕی، ئەو شوێنەی باپیرەم لەوێ ژیا و باپیرە گەورەکانم هەموویان لەوێ نێژرابوون.

***

من دەبوایە بیر بکەمەوە، ئاخۆ پێشتر گوێم لە ناوی «ڕەحمانەلی» بووە. من دەمناسی. ئەو پیر ببوو، پیاوێکی وردیلەی ڕیشێکی بۆزی درێژی بوو. یەک دوو ساڵ بەر لەئێستا لە «جیریا» بینیبووم. ئەوکات سەردانی هەواری باوباپیران و ڕەگوڕیشەی خۆم دەکرد. ڕاستیەکەی من شتی زیاترم دەربارەی باپیرە هەرە گەورەکەم دەزانی. ئەو لە «جیریا» لەنێو شاخەکاندا نێژرابوو، گۆڕەکەشی ببووە مەزارێک و بە پیرۆز دەزاندرا. ئەو وەک پیرێک (پیاوچاکێک) ناسرا بوو، بەڵام باوکم دەیگوت ئەو وەها نەبوو، ئەو شەخس و موفەڕک نەبوو. لە ماڵی ئێمەدا وەک کێبێکی قەدەغەکراو وابوو، کەس بۆی نەبوو قسەی دەربارەوە بکا. پێشان بۆمان نەبوو لە ماڵ باسی ئەو بکەین. بەو بێدەنگییە، وردە وردە لەبیرچووەوە. من دەمەویست زیاتر شتی لە بارەوە بزانم، هەر بۆیە ڕۆژانی هاوین بەرە شاخەکانی باکوور، بەرەو «جیریا» ڕۆیشتم، بە دوای سۆراغیدا دەگەڕام.
کاتێکیش گەیشتمە لای شاخەکان، ئەو شوێنەی کە گۆڕەکەی ئەوی لێبوو، کۆمەڵێک خەڵکم بینین بە خۆیان و ئێستڕەکانیان هاتبوونە سەر گۆڕەکەی. هەروەها زۆر هەڵۆشم لە ئاسمان بینین.
ئەمە مایەی سەرسوڕمانم بوو، شتی وام ڕەچاونەدەکرد.
ئیدی منیش لەگەڵ خەڵکەکە بۆ سەر مەزاری باپیرەگەورەکەم، کەوتمە ڕێ. منی پەرۆشی گۆڕەکە بووم و ڕەچاوی دابونەریتی موفەرکایەتی گۆڕەکەیم کرد. وام دا نابوو گۆڕەکەی وەک سەردابێک دەبینم، کە مۆمی لەسەر هەڵکرابێ، پڕ لە بوخاری بۆندار و مافووری ڕەنگین بێ، بەڵام خۆی گۆڕێکی زۆر سادە بوو، کێلیشی نەبوو. ئەوێ تەنیا گۆڕێکی تاک و لاپەڕگە بوو، لەپاڵ گاشەبەردێکی بۆرە هەڵکەوتبوو.
-«ئەرێ بۆچی ئەو بە تەنیا لێرە نێژراوە؟»
کەس بە دەقاودەقی وەڵامەکەی نەدەزانی. خەڵک هەر ئەوەیان باس دەکرد، ئەوەی لە بارەیەوە زانرا بوو.
-«ئەو لێرە کوژراوە. فیشەکێکی بە کەللەی سەر کەوتووە.»
-«بۆچی؟»
-«ئەو بەرهەڵستکارێک بوو. ئەو دەبوایە هەڵبێ. ئەو بە تەنیا و ئەوانەی بەدواوی بوون زۆر بوون. ئەو بەرە کێوەکان هەڵات. ڕاوەدوونەرەکان تەنگەتاویان کردبوو، تەقەیان لێکرد و کوشتیان.»
-«پاشان چی ڕوویدا؟»
-«کاتێک ئەویان بە تەنیا بۆ ئاژەڵە کێویەکان بەجێهێت، بەڵام خەڵک دۆزیانەوە لەپاڵ شاخەکاندا ناشتیان.»
هەر یەکەیان چیرۆکێکی دیکەی لەبارە دەگێڕایەوە، بەڵام لە هەموو چیرۆکەکاندا گوللە، پیاوەکان و هەلاتن ڕۆڵی خۆیان دەگێڕا.
پیاوێکی ئاوەزمەند گوتی: «خۆ ئەگەر چیرۆکە ڕاستیەیەکەت بوێ، ئەوا دەبێ لە «ڕەحمانەلی» بپرسی. ئەو هەموو شتێک دەزانێ. ئەو دەیناسی، هەر خۆیشی بە خاکی سپارد.»
خەڵک گوتی؛ «ڕەحمانەلی» هەموو دوای نیوەڕۆیان لە سەعات پێنج بەرەو مزگەوت دەڕوا، دەکرێ لەوێ ببینی. منیش بەرەو چایەخانەکەی گوند کەوتمە ڕێ، لەوێ لەسەر تەختەبەندێک لە لای دەرکە دانیشتم. سەعات بووە پێنجی ڕێک، ئەو پیاوانەی لەنێو چایەخانەکەدا بوون، لەپڕ هەڵسان و بەپەلە بەرەو دەرەوە ڕۆیشتن. منیش هەڵسام.
«ئەرێ چی لە ئارادا بوو؟»
پیاوێکی زۆر بەتەمەن بە خۆی و ڕدێنە درێژ و بۆزەکەیەوە گەیشتە مەیدانی گوند. ئەو بەرەو مزگەوتێ دەڕۆیشت. گۆچانێکی لە دەست دابوو، بە پشت ڕاستی دەڕۆیشت. وامزانی پیاوەکە لە هەسارەیەکی دیکە هاتووە. ئاخر ئەو جۆرە پیاوانە لە هیچ شوێنێک نادۆزیتەوە. پیاوەکانی نێو چایەخانەکە بە شانازییەوە بەرەو پیری چوون،

لەبەردەمی چەمانەوە و پشتە دەستیان ماچ کرد.
ئەوکات تەمەنی گەیشتبووە 104 ساڵ و وەک پیاوێکی موفەڕک و پیرۆز سەیر دەکرا. خەڵک دەیگوت پیرەمێردەکە دەتوانێ تەلیسم بکا، دەتوانی منداڵی مردووش زیندوو بکاتەوە.
کاتێک من ئەوم بینی، پێویست نەبوو زیاتر ببینمەوە. من نەمدەویست لەبەردەمیدا بنوشتێمەوە. ئەو زیاتر بە شتێکی بەهادار دەچوو، هێمایەک بۆ پیرێتی، بۆ باوەڕ، پاڵەوانێک لەنێو حەکایەتە کۆنەکانی ئاوایی. بە مەزەندەی منیش هی ئەوە نەبوو قسەی لەگەڵدا بکرێ. بۆیە چوومەوە سەر تەختەبەندەکەی خۆم لەچایەخانەکە و چایەکەی خۆم خواردەوە.
لەپڕ ئەو لە نێوی ڕێ، لە مەیدانەکەی بەردەم چایەخانەکە ، کە دەیەویست بەەرەو مزگەوتێ بڕوا، وەستا، گەڕایەوە و یەکسەر بۆ لای من هات. منیش خێرا لەبەری هەڵسامەوە. ئەو دەستە پیرەکەی بۆم ڕاهیشت و سەیری دوڕ چاوی کردم. منیش بەڕێزەوە دەستم بۆبرد تۆقەم لەگەڵ کرد، بەڵام دەستم ماچ نەکرد.
ئاخر کێ دەیزانی، سێ ساڵ و نیو پاشتر، لەبەردەمیدا دەچەمێمەوە تا پشتەدەستی ماچ بکەم.
کێ ئەوکات بیری بۆ ئەوە دەچوو، کە من بە درەنگانێکی شەوی زستان بە کۆڵانەکانی گوندەکەدا غار دەدەم و هاوار دەبەمە بەر «ڕەحمانەلی» و داوای یارمەتی لێدەکەم.
***
لەگەڵ باوکم بەرە «جیریا» ڕۆیشتین تا لە «ڕەحمانەلی» بدۆزینەوە.
« خۆ ئەگەر زێدی خۆت بەجێهێشت، ئەوا خۆشت نازانی چۆن بۆی دەگەڕێیەتەوە.»باوکم وەهای پێگوتم و زیاتر درێژەی بە قسەکەی دا: «من هەرگیز ئەوەم ڕەچاونەدەکرد، دیسان لەگەڵ «جیرا»دا تێهەڵبچمەوە، بەڵام ئێستا دەبێ تەرمی کوڕەکەم بەرەو ئەوێ ببەم.» منیش تێنەگەیشتم چۆن «ڕەحمانەلی» گۆڕێکی ناسراو(فەرمی) بە ئێمە ڕەوا دەبینێ و دەدۆزێتەوە. خۆ لە «ساروغ» پیرەمێردەکە پێیگوتم، دەبێ خۆم بەوێ دابدەم. باشە لەوە زیاتر چیم پێدەکرا. منیش بەوە قایلبووم و چاوەڕێی «خواستی ئەللا»م کرد.
***
بەر لەوەی بگەینە گوندەکە دیسان لایەتی تڕومبێلەم کوژاندنەوە.
لەوێ بە باوکم گوت: «من دەچم ب ەدوای «ڕەحمانەلی»دا دەبینمەوە.
خۆی ئێمە نەدەبوایە دوا دەرفەت لە دەست بدەین. باوکم لەوێ ناسراو بوو؛ ئەگەر یەکێ بیدیبایە، دەستبەجێ دەیانزانی چی لەگۆڕێدایە. ئەویش ڕێگری لە چوونم نەکرد. بەڵام من تەنیا ئەوەم دەویست بزانم ئاخۆ «ڕەحمانەلی» لە کوێ دەژی، لە کامە خانوو.
باوکیشم پێیگوتم، ئەو لە تەنیشت گۆڕەپانی گوندەکە، لە بەرانبەر مزگەوتێ، لە کۆڵانێکی تەنگوەرەدا دەژی.
منیش دەمزانی مزگەوتەکە لە کوێیە، کۆڵانەکەشم دەناسییەوە.
پێمباش بوو بەلای ڕووبارەکە بچمەوە ئەوێ، بەم جۆرە بە مەترسیێکی کەمتر دەگەیشتمە مەیدانەکە و پێویست نەبوو بەناو هەمو گوندەکەدا بڕۆم.
لە تڕومبێلەکە دابەزیم و بە باوکم گوت «جارێ خواحافیز» و بە تۆندی بەرەو ڕووبارەکە ڕۆیشتم.
باوکم بانگی کردمێ: «کەمێ بوەستە!»
ئەویش بەرەو ڕووی من غاری دا.
«ئەگەر تووشی مەترسی بوویتەوە، ناوی «ڕەحامەنەلی» بێنە، هەر کاتێکیش ئەو گوێی لە دەنگی تۆ بێ، بە هاناتەوە دێ، ئەوسا تۆ سەلامەت دەبی. تێگەیشتی؟»
منیش دەبوایە پەلە بکەم. ئاخر کاتی زۆرمان بە دەستەوە نەمابووەوە. بەسەر بەفرە بەستوەکەدا غارمدا. لێرەوە سەگەکان لە من دوور بوون و هەستیان پێنەکردم.
سەرمابوو، وەک ئەوە وابوو سەرتاپای دنیا بەستبێتی. ڕووبارەکە بە تۆزێک بەفر داپۆشرابوو. من غارم دەدا بیریشم لە قسەکەی باوکم

کـردەوە؛ ئەگـەر «ڕەحمانەلـی» گوێـی لـە تـۆ بـێ، بـە هاناتـەوە دێ و تـۆش سـەلامەت دەبـی.

مـن دەبوایـە تەنیـا «ڕەحمانەلـی» ببینـم و بـەر لـەوەی پیاوەکانـی دیکتاتـۆر بمگـرن بیگەمـێ.

خـۆ ئەگـەر پیـاوەکان بمگـرن، ئـەوا دەبـێ ئەوەنـدە بـە دەنـگ هـاواری «ڕەحمانەلـی» بکـەم، ئەگـەر لـە حەفـت خەوانیـش ڕاسـت بووبێتـەوە، هـەر دەبـێ بێـداری بکەمـەوە.

بـە خۆپارێزییـەوە چوومـە نێـو گوندەکـە. دوای چـوار یـان پێنـج کـۆڵان گەیشـتمە لای مەیدانەکـە. ئیـدی لـەو شـەوە، بـەو زسـتانە و بۆنێکـی نامـۆ، لـەوە زیاتـر بـۆ سـەگەکانی نەدەگەیانـد کـە مەترسـیێک لـە گۆڕێـدا هەیـە.

سـەگەکان بۆنـی منیـان کـرد. لەپڕێکـەوە لـە پشـت منـەوە وەڕیـن. هـەر دەبـێ ئـەم وەڕێنـە هەمـوو ئاواییەکـە بێـدار بکاتـەوە. باشـە ئـەدی چیبکـەم، ڕابکـەم یـان درێـژە بـە ڕۆیشـتنەکەی خـۆم بـدەم؟ سـەگێکی کەتـە بەسـەر پەرژینـی ماڵیـک بـازی دا لەسـەر ڕێ، لـە بەردەمـم قیـت بـووەوە.

ئێستا ئەگەرنا هەرگیز نابێ، وام بیرکردەوە تا هێزم تێدابوو غارمدا.

سـەگەکانی دێیەکـە بـە شـێوەیەک دەوەڕێـن خەریکبـوو خۆیـان بدڕێنـن. سـەگە گەورۆنەکـەش بـە دوامـدا غاریـدادەدا. مـن تونـدتـر ڕامکـرد، بـەڵام بـۆ مایـەی سەرسـامیم خەڵـک لەسـەر ڕێـی کۆڵانەکـە لەبەردەمـم پەیدابـوون. یـەک دوو کەسـیان ویسـتیان بـەری ڕێگـەم پێبگـرن و مـن دەسـتگیر بکـەن. منیـش بـە هەمـوو هێـزی خۆمـەوە پاڵـم پێوەنـان و پـڕ بـە دەنگـی خۆمـەوە هاوارمکـرد: «ڕەحمانەلـی!»

لەبـەر فرمێسـکەکانی چـاوم هیچـم نـەدەدی. نابینایانـە بـە ئاراسـتەی مەیدانەکـە ڕامدەکـرد.

هەموان زانیان دەمەوێ بەرەو کوێ بڕۆم.

ئێسـتا دەنـا هەرگیـز نابـێ، دیسـان وەهـام بیرکردەوە و تـا هێـزم تێدابـوو ، پـڕ بەگـەروم بانگـم کـرد «ڕەحمانەلـی! هـاوارە! لەبـەر براکـەم پەنـام



بەرگی کۆمەڵە چیرۆکی (هەڵۆیەکە)

بـۆ تـۆ هێناوە.»

ئینجا لە پڕێکەوە پیرەمێردێک بە ڕیشێکی درێژی بۆزەوە پەیدا بوو. جلێکی سپیی شەوانەی درێژی لەبەردابوو. خێرا لەبەری نوشتامەوە دەستم گرت تا ماچی بکەم. ئەویش پیلی منی گرت و کێلی کردمەوە و لێنەگەڕا پشتە دەستی ماچ بکەم.

بە دەنگە پیرەکەی پێیگوتم: «گەنجۆ ئارام بەوە! ئێستا سەلامەتی.»

سەگەکان چیدی نەوەڕین. سەری خۆیان نەوی کرد و کلکیان بۆ «ڕەحمانەلی» ڕاوەشاند. هیچ پیاوێکیش نەیوێرا لەوێ بمێنێتەوە ڕێگریم لێبکا.

خەڵکەکەش چوونەوە ماڵی خۆیان. خۆ ئەگەر یەکێک بەرەو لای «ڕەحمانەلی» بڕوا، ئەوا دەبێ ئەوانی دیکە لەبەرچاو ون بن. ئەو پیاوە هەرە متمانەدارەکەی ئاوایی بوو.

ئەو منی لەگەڵ خۆی بردە ماڵ. لەوێ پێم گوت، من کێم، هەر زووش ناسیمیەوە.

ئیدی پێویست نەبوو زیاتر لەسەری بڕۆم. ئەو زانی بەو شەوە من چیم لێی دەوێ.

من هەرئەوەندەم پێگوت، کە تڕومبێلە هەندێک لە دووری گوند ڕاگرتووە و باوکیشم لەوێ چاوەڕێمان دەکا.

ئینجا ئەو چووە تەویلە و ئێستڕەکەی خۆی کورتان کرد. کەمێک دوای ئەوە بە یەکەوە بە نێو کۆڵانەکانی گوندا ڕەت بووین. هیچ چرایەک لە ماڵان دانەدەگیرسا. دیسان ئاواییەکە لەو شەوە زستانیەکە خامۆش بووەوە.

***

باوکیشم لەوێ گوێی لە دەنگی وەڕینی کسۆکەکان ببوو. کاتێکیش منی لەگەڵ «ڕەحمانەلی» بینی، خێرا بەرەو پیرمانەوە هات، باوەشی بە «ڕەحمانەلی»دا کرد، یەک دوو چرکە هەروا مانەوە.

ئینجا پێرەمێردەکە گوتی: «دەی بابڕۆین، دەنا زۆری دیکەی پێناچی بەیان دادێ.»منیش دەرکەی پشتەوەی ڤانەکەم کردەوە و برایەکەم بەسەر شاندا دا. باوکیشم خێرا هات و یارمەتی دام. ئینجا تەرمەکەمان خستە سەر پشتی هێستڕەکە.

تەور و بێلێشم لەنێو تڕومبێلەکە دەرهێنان دەرکەم داخستەوە.

«ڕەحمانەلی»یش گوتی: «دەی بۆ پێشەوە!»

ئێستڕەکە ڕێگەی نێوشاخانی گرتەبەر.

باوکم بە حەپەساوییەوە سەیری کردم.

ئەرێ ئێمە بەرەو کوێ؟ لە ژێر تیشکی مانگدا وەهام لە چاوەکانی باوکمدا خوێندەوە.

منیش نەمدەویست هیچ بڵێم، گوێم لەشیقەی باڵی چۆلەکان بوو. سەرم بۆ ئاسمان بەرزکردەوە. پۆلە هەڵۆیەکی گەورە بە بەرزییەوە بەسەر سەری ئێمەدا دەفڕین.

سەرچاوە:

Kader Abdolah, De adelaars, Geuzenpocket 1993, Breda, Holland